دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵیدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٤٧٦

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران

هەینی ● ٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨٦ ● ٢١ی دێسامبری ٢٠٠٧ ● ١٥٠ تمەن

## پیرۆزبایی جێژنەکانی قوربان، کریسمەس و ساڵی نوێی زایینی



دەرچوونی ئەم ژمارەیەی "کوردستان" هاوکاتە لەگەڵ جێژنی قوربانو جێژنی کریسمەسو سەری ساڵی نوێی زایینی. بەم بۆنانەوە لەلایەن کارگێڕانو بەڕێوەبەرانی "کوردستان"ەوە، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە موسوڵمانانو مەسیحییەکانی کوردستانو جیهان دەکەین. بەو ئاواتە ئەم بۆنە گرنگانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیو ببنە مایەی پەرەئەستاندنی ئاشتیو ئارامیو تەباییو ساڵی نوێی زایینی ساڵی سەرکەوتنی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی ئازادیخوازنەی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دا بێ.

# ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە، هێزی ئازادیخوازو ئازادیپارێز

### لە ڕێوڕەسمێکی تایبەت دا :

## یادی ڕۆژی پێشمەرگەو ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان کرایەوە



پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانو بە بەشداریی ئەندامانی ڕێبەرایەتیی، ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەکانو بنەماڵەکانی نیشتەجێی کەمپەکانی حیزب لە بنکەی دەفتەری سیاسی ڕێورەسمی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان کە هاوکاتە لەگەڵ ڕۆژی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە مەهابادیش بەڕێوە چوو.

بەر لە دەست پێ کردنی ڕێورەسمەکە ڕێژەی منداڵانی وەرزشوان، ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، چەند دەستە پێشمەرگەو بەشداربووانی دەورەی فێرگە لە بەرانبەر ئەندامانی ڕێبەرایەتیو بەشدارانی ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز بەڕێوە چوو. دوای تەواو بوونی ڕێژەکە، ڕێوڕەسم بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب" دەستی پێ کردو بە دوای ئەودا پەیامی دەفتەری سیاسی لە لایەن کاك حەسەن رەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبەوە پێشکەش کرا.

بەڕێزیان وێڕای بەرز نرخاندنی ناوو ڕۆڵی پێشمەرگە بۆ بەرگری لە مافی نەتەوایەتیی گەلەکەمانو بەرز ڕاگرتنی ئاڵای سەروەریی نەتەوەکەمان گوتی: پێشمەرگە هەر ئەوانە نین کە چەك لە شانن بۆ ڕزگاری خاكو نیشتمان بەڵکوو هەموو خوێندکارانو دایكو باوکانو هەموو زیندانیە سیاسیەکانو گشت ئەو شێرە پیاو و شێرە ژنانە کە چالاکانە زوڵمو زۆری ڕێژیم لەقاو دەدەنو سنگیان کردۆتە قەڵغانی ئازادیی، پێشمەرگەن.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا پەیامی ئەنجومەنی بەرگری لە زینددانیە سیاسسیەکان لە لایەن کاك ئەحمەد سادقپوور، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کاك مەنسوور سەممار، پەیامی یەکیەتیی ژنان لە لایەن خاتوو گەلاوێژ باپیرییەوە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا هەر کام لە بەڕێزان ئەحمەد سادقپوور، گزینگ نوورانیو ناسر ڕەسووڵی شێعرو پەخشانیان پێشکەش بە ئامادە بووان کرد. هەر لەم بڕگەیەدا پارچە شێعرێك کە لەلایەن بنەماڵەی یەکێك لە شەهیدانی شاری بۆکان ناردرابوو، خوێندرایەوە. دواتر ژمارەیەك لە منداڵانی وەرزشوانی کەمپی دێگەڵە چەند نواندنی وەرزشی تێکواندۆیان پێشکەش کرد.

شایانی باسە کۆڕی هونەریی حیزب لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ڕێورەسمەکەدا مەقامو سروودی بۆ ئەم ڕێوڕەسمە پێشکێش کرد. ڕێورەسمەکە بە چەند هەڵپەرکێی گرووپی کوردستان کۆتایی پێ هات. ئەو ڕێورەسمە دوو کاتژمێری خایاند. (دەقی پەیامی دەفتەری سیاسی لە لاپەڕی ٢دا خراوەتە بەر چاوی خوێنەران)

## بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە هەڵوێستی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ بوردمانی گوندەکانی بناری قەندیل

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ رایس خۆی بوارد



سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کاك مەسعوود بارزانی، بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە هەڵوێستی ئەمریکا سەبارەت بە بوردمانی گوندەکانی بناری قەندیل لەلایەن فڕۆکەکانی تورکیەوە، لە بەشداری لە کۆبوونەوەیەك دا کە بڕیار بوو بە بەشداریی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە بەغدا بەڕێوە بچێ خۆی بوارد.

کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەمبارەیەوە رایگەیاند لەبەر ئەوەی ئەمریکا لە بۆردمان کردنی گوندەکانی هەرێمی کوردستان ئاگادار بووەو بە نیشانەی هەڵوێست گرتن سەبارەت بەو هەڵوێستەی ئەمریکا سەرۆکی هەرێم لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداریی نەکردوە.

شایانی باسە شەوی ٢٦ی سەرماوەز چەندین فڕۆکەی شەڕکەری سوپای تورکیە بە شێوەیەکی بەربڵاو و دڕندانە ژمارەیەکی زۆر لە گوندەکانی بناری چیای قەندیلیان بە بیانووی لێدانی هێزەکانی PKK بۆردمان کرد. لە ئاکامی ئەو دەستدرێژییەدا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان چەند کەس لە خەڵکی ئاسایی کوژرانو چەند کەسیش بریندار بوونو زیانێکی قورسی ماددی بە خەڵکی گوندەکانی ئەو ناوچانە گەیشتوەو ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو ناوچانە پەڕیوەی شارەکانی رانیە، قەڵادزێو سۆران بوون.

## چاوپێکەوتنی کومیتەی هەوڵدان لە پێناو رزگاریی خوێندکارانی بەند کراو لەگەڵ شاندی پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا لە تاران




کومیتەی هەوڵدان لە پێناو رزگاریی خوێندکارانی بەندکراو، یەکشەممە ١٨ی سەرماوەز لەگەڵ شاندی پارلمانی یەکیەتیی ئورووپا کۆ بۆوە.

ئەو چاوپێکەوتنە لە هۆتێل لالە بەڕێوەچوو کە خاتو بیر وەك نوێنەری کومیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمان یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ شاندەکە بوو.

لەو چاوپێکەوتنەدا بنەماڵەی ١٨ قوتابی دەستبەسەر کراو، وێڕای تۆمەتبار کردنی کۆماری ئیسلامی بە پێشێل کردنی یاسای بنەڕەتیی وڵاتو جاڕنامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو مافی شارۆمەندی، لەسەر ئەو خاڵە جەختیان کردەوە کە رۆڵەکانیان تەنیا بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی یاد کردنەوەی ١٦ی سەرماوەز (ڕۆژی خوێندکار) کردەوەو بە بێ‌تاوان کەوتوونەتە بەر ئازارو ئەشکەنجەی هێزەکانی ڕێژیمەوە. شایانی باسە ئەو خوێندکارانە لەلایەن لیباس شەخسییەکانەوە ڕفێندراونو دوای بە دواداچوونێکی زۆر لەلایەن بنەماڵەو کۆبوونەوە لە بەرامبەر فەرماندەریی وەزارتی ئیتلاعاتەوە ئاگادار کراونەتەوە کە لە بەندی ٢٠٩ی بەندیخانەی ئەوین دان.

خاتوو بیر دوای ئاگادار بوون لە چۆنێتی گیرانیانو وەرگرتنی ناوەکانیان بڕیاری دا ئەو ڕۆژە سەرۆکی پارلمان (حەداد عادل) ببینێو داوای روون کردنەوەی لێ بکاو داخوازی ئازاد بوونی دەسبەجێیان بۆ بکا.

لە ماوەی ئەو چاوپێکەوتنەدا وێڕای ئەوەی هەست پێ‌دەکرا هێزەکانی ڕێژیم چاودێری کۆبوونەوەکە دەکەن بەڵام هیچ شتێك ڕووی نەدا.

## هەڕەشەی شەڕ لەگەڵ ئێران هەر لە جێی خۆیەتی




نیکۆلاس سارکۆزی سەرۆك کۆماری فەرانسە لە وتووێژێك دا لەگەڵ گۆڤاری "لانووڵ ئابرووواتور" گوتی: ئەگەر ئیسرائیل هەست بەوە بکا لە لایەن بەرنامەی ناوکیی ئێرانەوە لە بەر هەڕەشە دایە، مەترسیی ڕوودانی شەڕێکی راستەقینە بەدی دەکرێ.

ناوبراو گوتی: سەبارەت بە کێشەی ناوکیی ئێرانەوە ئەمریکاو ئیسرائیل متمانەیان پێیەتیو ئەگەر ئێران ئیزنی پشکنینی هەموو دامو دەزگاکانی ناوکی خۆی بە ئاژانسی نێونەتەوەیی بدا، ئامادەیە بچێتە تاران لە پێوەندی لەگەڵ هاوکاریی بۆ دروستکردنی "وزەخانەیەکی ناوکی" دانوستان لەگەڵ ئەو وڵاتە بکا.



پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ٢

خەبات دژی تیرۆریزم لە کوێو ئازاد کردنی کازم دارابی لە کوێ؟ ٤


پێشمەرگە مرۆڤێکی عاشقە ژیان ٥


بەڕێوەبەرانی ئێران پێیان وایە هەر ئەوان ڕاست دەکەن ! ٨


سوسیال دێموکراسی چیە؟ ٩


حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتو لاوازیی کەسایەتیی دێموکراتیك ١٠


کچە فرۆشییەکانی دیمەشق ١١

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

## لەلایەن کاک حەسەن ڕەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب




**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**پێشمەرگەگیان لە سەر دەستەکانی کوردستان!**

بە بۆنەی ٢٤ەمینساڵیادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان پیرۆزباییتان لێ دەکەم و هەر وەکوو لە باشووری کوردستان پێشمەرگە ئازاو نەبەزەکان کۆمەڵێك دەستکەوتی مەزنیان بە دەست هێناوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شاهیدی ئەم دەستکەوتانەو بەڵکوو لەمەش زۆرتر بین. گومان لەوەدا نیە کە پێشمەرگە نەبەزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە فیداکاری و گیان بازیو حەماسە خولقاندن دا هیچ دریغیان نەکردوەو ئازایانە لە بەرامبەر لەشکری زۆرو زەوەندی دوژمن دا بەرگرییان لەئازادیو کەرامەتی نەتەوەکەیان کردوە، ئێستاش هەر دەم ئامادەی خەباتو فیداکارین.

دیارە هەموو نەتەوەیەك بۆ پاراستنی پێناسو هۆویەتی خۆی کە زۆرتر خۆی لە ئاڵای نەتەوەکاندا دەنوێنێ پێویستیی بە هێزی پاریزگاری وڵاتو شوناسی خۆی هەیە کە دوژمنانو نەیاران پێشێلی نەکەنو دەستی بەسەر دا نەگرن، بۆیە هەر لە ڕۆژی هەڵکردنی ئالای کوردستان لە شاری مەهابادەوە پێویستیی پێك هێنانی هێزێکی ئەوتۆ کە بتوانێ هەڵگری پەیامی ئەو ئاڵایەو پارێزەری ئەو ئاڵایە بێ پێك هات، لە ئەنجام دا ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانو نیشتمان پەروەرانو ئازادیخوازانی نەتەوەکەمان کە خۆیان لە نێو حیزبی دیموکرات دا دەدیتەوەو پاڵ پشتی بە وەفای حیزبو ئاڵای کوردستان بوون لە سەر ناوی پێشمەرگەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان گەیشتە ئەنجام. دوژمنانی ئازادیی نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان دا هەوڵیان دا ناوی پێشمەرگە لە مێژووی نەتەوەکەماندا بسڕنەوە، بەڵام دەبینین بە پێچەوانەی ویستو ئارەزووی دوژمنان نە تەنیا نەیانتوانی ئەو ناوە کوێر بکەنەوە کە لە زەمانی پێشەوا قازی محەممەدەوە بۆ هێزی پاراستنی گەلو نیشتمان دانراوە، بەڵکوو ئەمڕۆ دەبینین لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا بە دەیان هەزار پێشمەرگە بە شێوەی جۆراوجۆر خەباتو چالاکیان هەیەو فیداکاری دەنوێنن، ڕەنگە ئەو پرسیارەش بێتە گۆڕێ کە لەحاڵی حازر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکیی پێشمەرگە کەمتر لە شوێنەکانی دیکە دەبیندرێ. ئەوە شتێکی ئاساییو سروشتییە. زۆر جار هەیە وەزعی سیاسیی ناوچەو وڵات جۆرێك یان شێوەیەك لە خەبات دەخوازێ کە لەگەڵ شیوەیەکی دیکە جیاوازیی هەیە. ئەمەش ڕوونە کە نەتەوەی ئێمە لە هیچ کاتو زەمانێك دا شێوەی خەباتی چەکدارانەی هەڵنەبژاردوە. چونکە هەمیشە خوازیاری ئەوە بووە کە کێشەی نەتەوەی خۆی بۆ دابین کردنی مافەکانی لە ڕێگای ئاشتیو دیالۆگەوە چارە سەر بکرێ، ئەوە دوژمنانی گەلو نەتەوەی ئێمە بوون کە بۆ خنکاندنو بنبرکردنی ئەو داخوازانە هێرشیان کردۆتە سەر ئازادیخوازانو نیشتمان پەروەرانی گەلی ئێمە، تێکۆشەرانی نەتەوەکەمان ناچاربوون لە جلو بەرگی پێشمەرگەدا و بە ناوی پێشمەرگە بەرگری لە کەرامەتو پێناسی نەتەوەکەیان بکەن. کە وابوو بژی پێشمەرگەی کوردستان، سڵاو لەپێشمەرگەی هەموو بەشەکانی کوردستان.

بەڵام پێویستەو دەبێ هەڵەیەکی دیکەی دوژمن ڕاست کەینەوە، کە لای وابێ هەرچی چەکی لەشان دا بێ تەنیا ئەو دوژمنو پێشمەرگەیە. هەموو ئەو شێرە ژنو شێرە پیاوانەی کە بۆ بەرگری لە مافو ئازادیی نەتەوەکەیان خەبات دەکەنو بەدەستی بە تاڵ بەرەورووی هێزە سەرکوت کەرەکانی ڕژێم دەبنەوە پیشمەرگەن، هەموو ئەو کیژو لاوە بە هەستانە کە لە دانیشگاکانو قوتابخانەکاندا بە زمانو قەڵەمو بە کردەوە ڕێژیمی سەرکوتکەرو زۆردار لە قاو دەدەن پێشمەرگەن. هەموو ئەو دایكو باوکانەی کەکیژو کورانیان ڕەوانەی سەنگەری ئازادیو بەرگری دەکەن پێشمەرگەن، هەموو ئەو خەباتگێرانەی کە لە زیندانە بەدناوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دا ئەشکەنجە دەدرێنو حوکمی زاڵمانەو غەددارانەیان بە سەردا دەسەپێنن پێشمەرگەن. سڵاو لە هەموو ئەو پێشمەرگانە.

**هاوڕێیانی ئازیز!**

پێویستە لەم بۆنەیە پیرۆزەدا هێندێك مەسەلەی نێوخۆییو دەرەکییش باس بکەین، هەر وەکوو هەموو لایەکتان دەزانن ساڵێكو چەند ڕۆژ بەر لەئێستا حیزبی ئێمە دووچاری لەت بوونێك هات کە نە ویستی ئێمە بوو و نە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش خوازیاری بوون، لە سەر ئەم مەسەلەیە هەم لە لایەن ئێمەو هەم لە لایەن بەشەکەی دیکە حیزبەوە قسەو باس زۆر کراون، کە لێرە من بە پێویست نازانم دووپاتیان بکەمەوە یان شتێکیان لێ زیاد بکەم. قەزاوەتەکە بە مێژوو و بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەسپێرین. بەڵام ئەوەی جێگای تێرامانو پێویستە هەڵوێستەی لە سەر بکەینو بە بێ دەمارگرژی لە بیری چارە سەری دابین، وەزعی ئەمڕۆی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کوردە بە شێوەی گشتیو ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی.

بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد چ لە نێو خۆو چ لە ئاستی نێونەتەوەیی دا قۆناخی زۆری بریوەو بەرەو پێش چوونێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە بەڵام هێشتا لە چاو گۆرانی سیاسی لە جیهاندا و ئازادیی گەلانی ژێردەستەو بێ وڵات، دەستکەوتی کەمترمان بە دەست هێناوە. ئەگەر بەشێکی بگەڕێتەوە بۆ بەهێزیی دوژمنانو کەمتەرخەمیی سیاسەتی نیونەتەوەیی سەبارەت بەمەسەلەی کورد بەشێکیش دەگەڕێتەوە بۆ کزیو لاوازیی بیری نەتەوەیی بە شێوەی گشتی لە نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازیو ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەماندا، کە تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەو جۆرەی پێویستە داخوازە ڕەواکەمان یەكدەستو یەکدەنگ بگەیەنینە هاوبەش لە نێو هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات دا لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەگەر زورتر نەبن کەمتر نین.

حیزبی ئێمە وەکوو زۆر جار لە یەك ساڵی ڕابردوودا ڕایگەیاندوەو لە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ئێمەش دا هاتوە، ئەگەر نەمانتوانیوەو ناتوانین لە گەڵ هاوڕێیانی پێشوومان لەیەك حیزبدا درێژە بە خەبات بدەین کە ڕەنگە ئەو نەتوانینەش محاڵ نەبێ، ئەگەر مکانیزمێکی گونجاو هەبێو ئامانجە بەرزەکان لە بەر چاوبگیرێن یەك گرتنو یەکگرتنەوە بەدوور نابیندرێ، سەرەرای ئەمەش دەتوانین لە یەك بەرە دا لە یەك هاوکاریی چەند قۆڵی دا بەیەکەوە هاوکاری بکەینو ئەو هاوکارییە هەتا یەکگرتنی هەموو هێزە کوردستانییەکان لە بەرەیەکی دیموکراتیك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرە پێ بدەین.

هەموو لایەك دەزانن گۆڕانێکی گەورە بە سەر سیاسەتی جیهانیو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کوردستان دا هاتوە. گەلی هی خۆمانو نەتەوەی کوردی دەزانین و لە پاراستنو گەشە پێدانی دا بە تەواوی ئامادەی هاوکارین. لە باکووری کوردستانیش بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان ڕۆژ بە ڕۆژ قوولترو بەرینتردەبێتەوەو حکوومەتی تورکیەش ناچارە ڕۆژبە ڕۆژ لە بەرامبەر ویستی ئازادیخوازیی گەلی کوردستان لە باکوورو بیرورای گشتیی جیهانی پاشەکشە بکا. لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەگەر بەراوردێك و هەڵسەنگاندنێك بکەین لە چاو رابردوو هەستی ئازادیخوازی و خەبات بۆ دابین کردنی مافەکانی گەلی کورد لە وڵاتی سووریە زۆر چوتە پێشو سەرەرای زەبروزەنگی ڕێژیمی سووریە کۆمەلانی خەڵکی کورد لەو وڵاتە نەك هەر چاو ترسێن نەبوون بەڵکوو ڕۆژبە ڕۆژ خەباتەکەیان پەرەدەستێنێ.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئێسلامیی ئێران بە سەر وڵاتەکەدا زاڵە نە تەنیا چالاکیو خەباتی



بیرورای گشتیی جیهانو کۆروکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان. لە حەق نەگوزەرێین ئەو بیرە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دا زۆر بەهێز ترە هەتا دەگاتە حیزبە کوردستانییەکان. لەم ڕوانگەیەوە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش لە دواترە، سەرەرای ئەوە کە هیچ یەکگرتنێك لە ئارادا نیە، بەڵکوو تا ئێستا ڕۆژبە ڕۆژ لیك دابرانو لێك ترازان پەرەی گرتوە. هەر چەند ئەگەر بە وردی سەیری ڕووداوو مەسەلەکان بکەین ئامانجی هاوبەشو خاڵی هاوکاریی کوردمان لە باشووری کوردستان بە هیممەتو فیداکاریو قوربانیدانی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستەکانی و دوستانو لایەنگرانی دیموکراسی لە جیهان دا توانیوێتی حکوومەتی فیدراڵی لە عێراق بچەسپێنێو بەشێکی زۆر بەر چاو لەمافەکانی لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا بگونجێنێ . ئەو دەستکەوتانە لە ڕۆژگارێکی وەکوو ئەمڕۆ دا کە دوژمنانی ئازادیی کورد بە ئاشکرا و بە نهێنی پیلان دەگێڕنو هەڕەشەی لەشکرکێشیی بۆ سەر هەرێمی ئازادی کوردستان دەکەن کەم نین. ئێمە ئەو دەستکەوتانە بە سیاسیو بەرگریی چەکدارانە لە ٢٧ساڵی رابردوودا هیچ کات نەوەستاوە بەڵکوو بیرو باوەری ئازادیخوازیو هەستی نەتەوەیی بە جۆرێك گەشەی کردوەو پەرەی ئەستاندووە کە زۆر جار ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەرزاندووە. خۆپێشاندانە گەورەکانی خەڵك لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندی کە بیرو باوەری کوردایەتیو ئازادیخوازیی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەتا چ ڕادەیەك ڕەگو ریشەی قووڵی داکوتاوە، کە وابوو بیروباوەری

بۆ لاپەڕی ٥

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## ئەندامان و دۆستانی حیزب لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێزیان لە ڕۆژی پێشمەرگە گرت

لە بەرەبەری ٢٤ەمین ساڵیادی ناودێر کردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ـ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ـ ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنی و دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارو دێهات و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، شەپۆلێکی بەرینی تەبلیغیان وەڕێ خست و بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بڵاوکردنەوەی تراکت و سی دی و بڵاوکراوەوەکانی تایبەت بەو ڕۆژە لە شەقام و کۆڵان و شوێنە گشتی و پڕهاتوچۆکان ڕێزیان لەو یادە گرت. خەڵکی پێشمەرگەپەروەری کوردستان و ڕێبوارانی بە ئەمەگی ڕێگای شەهیدانی کوردستان و بە تایبەت شەهیدانی سەرکردە پێشەوا، د. قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بۆ جارێکی دیکە ڕۆژی پێشمەرگەیان کردە هەوێنی دەربڕینی هاواری نەتەوە مافخوازەکەمان و سەلماندیان تا دێمۆکرات بمێنێ و پێشمەرگە پارێزەری نیشتمانمان بێ، قەت دەست لە داکۆکی و فیداکاری لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی کورد هەڵناگرن. ئەو ناوچانەی کە چالاکیی تەبلیغییان لێ بەڕێوە چووە، بریتین لە:

بانە، سەقز، شنۆ، مەریوان، سنە، مەهاباد، جوانڕۆ، سەردەشت، پاوە، دیواندەرە، نودشە و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئاواییەکانی ئەو ناوچانە.

## دیداری هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ڕەوتی چاکسازی و گەشە



ڕۆژی ١٥ی سەرماوەز هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەو هاوڕێیان حەسەن ڕەستگار، حەسەن قادرزادە ئەندامانی دەفتەری سیاسیو محەممەد حەسەنپوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، سەید برایم کەریمی، کەریم سەقزیو فەتاح ئیلخانیزادە لە کادرە بەئەزموونەکانی حیزب سەردانی بنکەی ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (ڕەوتی چاکسازیو گەشە)یان کرد، کە لەلایەن بەڕێزان عومەر ئیلخانیزادە بەرپرسی کومیتەی بەڕێوەبەری، ڕەزا کەعبی، جەمیلە ڕەحیمی، سادق زەندی، نەوید محەممەدئاوەر ئەندامانی ڕێبەری، پێشوازیو بەخێرهاتن کران.

لە دانیشتنێکی دۆستانە لە نێوان هەر دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵەدا لەسەر کۆمەڵێک پرسی گرینگو پێوەندیدار بە جیهان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، عێراقو کێشەی تورکیەو PKKو ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەگشتیو کێشەو گیروگرفتە سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکانی نێوخۆی وڵاتو ناکۆکیو گوشاری دنیای دەرەوە لەمەڕ بەرنامەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەست هێنانی چەکی ئەتۆمیو هەروەها تیرۆریزم و پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و گرتنو ئەشکەنجەدانی ڕۆژنامەنووسانو ئازادیخوازانو زۆر گرفتو نەهامەتیی دیکە کە کۆماری ئیسلامی بەسەر خەڵکی ئێرانو کوردستانیدا سەپاندوون ئەنجام درا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا لەسەر لەتبوونو لێکدابڕانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسە کراو لەگەڵ دەربڕینی داخو نیگەرانی لەم ڕووداوانەو دەست نیشان کردنی خەسارەکانی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان، لەو بڕوایە دابوون بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زیانانە یەکەم هەنگاو هاوکاریو دۆستایەتیی نێوان هەموو هێزە سیاسیو ڕەسەنەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانەو بۆ جارێکی دیکە ئامادەیی خۆیان بۆ دیالۆگو دانیشتن لەگەڵ هەموو لایەنەکان بە بێ جیاوازی بۆ گەیشتن بە ڕێگا چارەیەکی گونجاو و پێکهێنانی ئیئتیلافێك کە هێزو تواناکان لەپێناو خەباتی گەلیدا کۆ بکاتەوە، دەربڕی.

## دیداری هەیئەتێکی حیزب لە نۆرویژ لە گەڵ ئەندامی پارلەمانی تورکیا و پارتی کۆمەڵگەی دێمۆکراتیک

ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٥ هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و دەستەیەك لە بەڕێوەبەرانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەڕاوێزی شەوئاهەنگی دەست بە کاربوونی کاناڵی تەلەویزیۆنیی نەورۆز، چاویان بە بەڕێز بەنگین یەڵدیز، ئەندامی پارلەمانی تورکیەو هەروەها ئەندامی DTP(پارتی کۆمەڵگەی دێمۆکراتیك) کەوت.

لەو دانیشتنەدا بەنگین یەڵدیز وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی لەو چاوپێکەوتنە و هەروەها بە داخبوون لە ڕووداوی لەتبوونی حیزبی دێمۆکرات، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەندامانی حیزبەکەیان لە پارلمانی تورکیە لە سەر ئەو بڕوایەن کە بۆ چارەسەریی کێشەی کورد پێویستە لە دیالۆگ کەڵك وەربگیرێ و پرۆژەی تازە بۆ ئەو مەسەلەیە بێتە ئاراوە. ناوبراو جەختی لە سەر ئەوە کردەوە کە یەکگرتوویی حیزب و لایەنە سیاسییە کوردییەکان و هێنانە ئارای بەرنامە و پێڕەوێکی نوێ و سەردەمیانە کە وڵامدەری داخوازەکانی ئێستای نەتەوەی کورد بێ، لە پێویستییەکانی خەباتی ئەو قۆناغەی نەتەوەی کوردن.

بەڕێز ئەحمەد نەقشی ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە نۆرویژ هیوای خواست کەDTP بتوانێ هەنگاوی بەنرخ لە پێناو بردنە پێشی کێشەی کورد هەڵێنێتەوە. لە کۆتایی دا دوو لایەن لە سەر پتەو کردنی پێوەندییەکانی نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و DTP جەختیان کردەوە.

## کۆبوونەوەی ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان سەبارەت بە داهاتووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان

ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/٨ کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان، کۆبوونەوەیەکی بۆ ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بیروڕا سەبارەت بە بەرنامەو پێڕەوەی نێوخۆی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و گۆڕانکارییە چاوەڕوانکراوەکان پێکهێنا.

سێ تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە بریتی بوون لە: دروشمی ستراتژیك، سترۆکتۆری حیزب و شێوازی خەبات

بەشداربووان، دووربوون لە ئێحساسات و پۆپۆلیزم سەبارەت بە دیاریکردنی ستراتیژیی حیزب و پێوەندیی نێوان حەقیقەت و واقعییەت لە نێو ڕیزکانی حیزبیان بە پێویست زانی و ئاماژەیان بەوە کرد کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە سەریەتی ئاوڕێك لە مێژووی خۆی بداتەوەو بە بێ دەمارگرژی، خاڵە لاوازو بە هێزەکانی هەڵسەنگێنێ و لە توێی کتێبێك دا چاپی بکا.

جیاوازیدانان لە نێوان ڕێکخستنی ناوەوەو دەرەوەی حیزب و ئۆتۆنۆمیی زیاتری ڕێکخستنی دەرەوە لە بوارەکانی سیاسی و تەشکیلاتیدا، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەی پێکهێنابوو.

سەبارەت بە شێوازی ئیدارەی حیزب، بەشداران پێیان لە سەر ئەوە داگرت کە پێویستە سیستمی هەرەمی بۆ دەسەڵات کە تا ئێستا بە شێوەی سانتراڵیزمی دێمۆکراتیك خۆی نواندوە، بە قازانجی سیستمی ئاسۆیی(شێوەی فیدرالیستی) بگۆڕدرێ و بەو شێوەیە پێش بە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەند بگیرێ.

## سەردانی گڵکۆی شەهید کاک هەژار "ئەحمەد جاویدفەر" لە گوندی لاچین



لە بەرەبەری نێزیک بوونەوەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دا ڕۆژی سێشەممە کۆمەڵێک لە دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵڕۆژی شەهید بوونی تێکۆشەری دێموکرات و فەرماندەی ئازا و لێهاتوو کاک ئەحمەد جاویدفە ر ناسراو بە کاک هەژاربە نیشانەی وەفاداری و ئەمەگداری بە قارەمانەتی و گەورەیی ئەم شەهیدە هەرگیز نەمرەی گەلەکەمان و هەروەها بە مەبەستی ڕێز گرتن لە شەهید کاک هەژار، شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، چەند کەس لە وەفادارنی ڕێگای کاک هەژار تاجە گوڵێنەیان لە سەر گڵکۆی ئەم نەمرە کە لە گوندی لاچینە دانا. شایانی باسە کە ئەو چەند کەسە دوای ئەوە کە مەزاری شەهید کاک هەژار و چەند کەسی دیکەیان خاوێن کردەوە و دوای ڕازاندنەوەیان بە تاجە گوڵینە، هەر لەم شوێنە پیرۆزە پەیمانیان دا کە تا سەر یاری وەفاداری ڕێبازی کاک هەژار و هەموو شەهیدانی گەل بن.

ماوەیەک دواتر چەند کەس لە دانیشتوانی گوندی لاچین هاتن بۆ سەر مەزاری شەهیدان و ئەوانیش لە گەڵ ئەو چەند کەسە بۆ ماوەیەک لە سەر گڵکۆی شەهید کاک هەژار مانەوە و بە تێکرایی ڕێزیان لە گەورەیی و لەخۆبوردوویی کاک هەژار و هەموو شەهیدانی گەل گرت.

### ئیدارەی ئیتیلاعات بۆ کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی هاووڵاتان دووربین لە شوێنە گشتییەکان دادەنێ

لە سەرەتای ٨٥وە وەزارەتی ئیتیلاعات گرێبەستێکی دەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی چینی واژۆ کردوە کە بە پێی ئەو گرێبەستە دەبێ کامێرای شاراوە لە زۆربەی شەقامو شوێنە گشتییەکانی وڵات دابنرێ.

لە ماوەی حەوت مانگی ڕابردوودا لە زۆربەی شەقامو پاركو شوێنە گشتییەکان کامێرا دانراوە کە خەڵك لێی ئاگادار نین. لە ڕاستیدا ئەو کامێرایانە زۆرتر بۆ تەعقیبی ئەو کەسانەیە کە چالاکیی سیاسیو مەدەنیو ئازادیخوازی بەڕێوە دەبەن. شایانی باسە لە شاری ئەهواز ساڵی پار بە شێوەیەکی سەرکەوتوو سوودیان لەو سیستمە وەرگرتوە. لە خەرمانانی ئەو ساڵ شارە کوردییەکانی مەهاباد، سەردەشت، مەریوان، سنە خەڵکیان بەو کامێرایانە ناسیوەو دەستبەسەریان کردوون.

### مەهاباد: ڕێگرتنی کاربەدەستانی ڕێژیم لە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ١٦ی سەرماوەزدا

کاربەدەستانی ڕێژیم لە شاری مەهاباد ئیزنیان نەدا ڕێورەسمی ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار لە ساڵۆنی ١٠٠٠ کەسیی وەحدەتی ئەوشارە بەڕێوە بچێ.

پێویستە بگوترێ بەو بۆنەیەوە ڕۆژی ١٧ی سەرماوەز ڕێورەسمێك لە ناو زانکۆی ئازادی مەهاباد و لە لایەن بەرپرسانی زانکۆوە بەڕێوە دەچێ.

### مەهاباد: هێزەکانی ئیدارەی ئیتیلاعات کافی نێتەکان دەپشکنن

شەوی ١٣و ١٤ و ١٥ی سەرماوەز مەئموورانی ئیتیلاعات ڕژانە کافی نێتەکانی شاری مەهابادو لە پشکنینێکی بەربڵاو بە هەموو کافی نێتەکاندا ١٢ دەزگا کامپیوتێریان بە بیانووی جۆراوجۆر لەگەڵ خۆیان برد. شایانی باسە داوا لە بەڕێوەبەرانی کافی نێتەکان کراوە ئەگەر شتێکی گوماناوییان دیت دەسبەجێ ڕاپۆرتی بکەنە ئیدراەی ئیتیلاعات.

### بۆکان: ئەندامەتیی خەڵك لە هێزی بەسیج دا بە شێوەیەکی بەرین بانگەشەی بۆ دەکرێ

ماوەیەکە کاربەدەستانی هێزی بەسیج لە نێو شارو بەتایبەت لە ئاواییەکانی ناوچەی بۆکان تەبلیغ بۆ ناونووسی کردن لە بەسیج دا دەکەنو رایان گەیاندوە ئەندامەتی لە بەسیج دا مانگانە ٣٥٠/٠٠٠ تمەن مووچەی هەیەو ئەوانەش کە وەردەگیرێن دەبێ ڕادەی خوێندەوارییان لە پێنجەمی سەرەتایی کەمتر نەبێ. ئەم تەبلیغاتە بەتایبەتی لە خوتبەکانی نوێژی هەینیی مزگەوتەکانی نێوشاردا بەرچاو دەکەوێ.

### جوانڕۆ: کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزب

ڕێکەوتی ٨٦/٩/١٦ ئەندامێکی دڵسۆزی حیزب بە ناوی ئیقباڵ میری تەمەن ١٨ ساڵە بەهۆی پێکدادان گیانی لەدەست دا. بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی دەکەین.

### مەهاباد: هاووڵاتێکی کورد گیانی لێ ئەستێندرا

ڕۆژی ٨٦/٩/١٨ کۆمەڵێك لە کاسبکارانی کورد لەسەر ڕێگای مەهاباد ـ سەردەشت کەوتنە کەمینی هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم. کاسبکاران بەرەو ئاوایی ئامێد هەڵدێنو هێزەکانی ڕێژیم وەدوایان دەکەونو لە ئاکامی تەقەی هێزی ئینتیزامیدا هاووڵاتێك بە ناوی کاڵێ سەید ڕەحیمی کچی سەید تەها تەمەن ٢٠ ساڵە گیانی لەدەست دا

### مەهاباد: دەستگیرکردنی هاووڵاتێك

ڕێکەوتی ٢٠٠٧/١٢/٧، هاووڵاتێك بەناوی شوان قادری خەڵکی ئاوایی سەرچنار لە ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهاباد لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەستگیر کراوە.

### بۆکان: شارەوانیی بۆکان زەویی خەڵك زەوت دەکا

شارەوانیی بۆکانی دەستی کردوە بە ئازارو ئەزیەتی خەڵکیو داگیر کردنی ماڵو حاڵیان، و هەر ڕۆژێ بیانوو بە کەسێك دەگرێو بە بیانووی ئەوەی کە خانووەکەی یان خاکەکەی "زمینی شهری"یە، لێیان زەوت دەکا. هەروەها شایانی باسە بێنزینو گازۆئیل لەو شارە زۆر لە کەمیی داوەو هەر بەم هۆیەشەوە هاتوچۆ بۆ شارەکانی دەوروبەر زۆر چەتوون بووە.

### سەردەشت: دوو هاووڵاتی دیکەش بەهۆی مینی چێندراوی ڕێژیمەوە بە سەختی بریندار بوون

حەوتووی ڕابردوو هێزەکانی ڕێژیم ڕێگەی هاتوچۆی قاسمەڕەشو پشکاوێو گۆڕەشێرو دۆڵەتوو بۆ لای گوندەکانی ئەو دیوەی سنووریان مین ڕێژ کردوە. کاسبکارێك خەڵکی گوندی داوداوێ بەناوی محەممەد ڕەشێ وەسەر مین پەڕو هەردووك لاقی دەپەڕێ.

هەروەها کەسێکی خەڵکی گوندی شێنێ وەسەر مین پەڕیوەو بە سەختی بریندار بووە.

### تۆپبارانی ناوچە سنووریەکانی هەرێم لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێکردۆتەوە

هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی پێشێل کردنی یاسا نێونەتەوەییەکانو تێکدانی ئارامی هەرێمی کوردستان، لە ڕێکەوتی ١٣ی سەرماوەزەوە دەستی کردۆتەوە بە تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکانی شێنێو گۆڕەشێرو بیدلانو پشکاوێ.

### شەپۆلێکی نوێ لە توندوتیژیی هێزەکانی ئینتیزامی لەگەڵ "بەد حیجابی"

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی بی‌بی‌سی ڕێژیم لەم دواییانەدا دەستی کردۆتەوە بە بەڕێوەبردنی بەرنامەی پێشتر داڕێژراوی خۆی لەژێر ناوی تێکۆشان بە دژی "بد حجابی" و لەم پێناوەدا پۆلیسی تاران هێرش دەکاتە سەر ئەو ژنانەی کە یاساکانی خۆداپۆشینی ئیسلامی لەبەر چاو ناگرن.

هێزە ئینتیزامییەکان لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا تێکۆشانی بەربڵاویان لە ئاستی شاری تاران دا هەبووە بەڵام لەم ڕۆژانەی دواییدا ئەو هەوڵانە ڕوویان لە زیادبوونو هەڵکشان کردوەو جێگیربوونی پۆلیس لە شوێنە گشتییەکان، وەك مەیدانە سەرەکییەکانو پاساژە بە ناوبانگەکانی تاران زۆر بەرچاوە.

شایانی باسە کە ئەو گەڵاڵەیەی ڕێژیم لە درێژەی گەڵاڵەیەك دایە کە سەرەتای ئەمساڵ لەژێر ناوی گەڵاڵەی "ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی" لە ئێران دا دەستی پێ کردوە.

### سنە: دەسبەسەر کردنی هاووڵاتان لە پێوەندی لەگەڵ تەقینەوەی بۆمب

بە دوای ئەوەی ڕۆژی ١٠ی سەرماوەز بۆمبێکی چێندراو لە ماتۆر سیکلێتێك دا تەقیەوە، چەند کەس لەو پێوەندییەدا دەسبەسەر کراون کە یەکیان بەناوی سەدیق پور خوسرەوی بە تاوانی فیلم هەڵگرتن بە مۆبایل دەسبەسەر کراوە.

### سنە: خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری کەرەفتوو بانگ کرایە ناوەندی خەبەریی سنە

لە حەوتووی ڕابردوودا لەیلا مەدەنی خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری کەرەفتوو ٢جار بانگ کراوەتە ستادی ناوەندی خەبەریی شاری سنەو سەبارەت بە بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکە لێپێچینەوەی لێکراوە. بە ناوبراویان ڕاگەیاندوە ئەگەر ستافی گۆڤارەکە نەگۆڕدرێو کەسانێك لە سەر پێشنیاری ئیدارەی ئیتیلاعات جێگوزین نەکرێن، پێش بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کەرەفتوو دەگرن.

دەگوترێ بەشێوەیەکی نەشیاو لەگەڵ خاوەن ئیمتیازی کەرەفتوو هەڵسوکەوت کراوە.

### تاران: ڕێورەسمی بەڕێوەچوونی ١٦ سەرماوەز ڕۆژی خوێندکار

ڕێکەوتی ١٨ سەرماوەز بە بۆنەی ڕۆژی خوێندکار ڕێورەسمێك لە زانکۆ تاران پێك هات کە چوار دەوری زانکۆ بە هێزە ئەمنییەتیەکانی ڕێژیم چنرابوو. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە ئەو خوێندکارانەی لە زانکۆو شوێنی دیکەوە بۆ بەشداری لەو ڕێورەسمەدا هاتبوون هەر دوو دەرگای لاوەکیو سەرەکیی زانکۆیان کردەوەو پاش ڕێپێوانێك کە نزیك بە ٣٥٠٠ کەس تێیدا بەشدار بوون لە بەردەم زانکۆی تەکنیکی تاران کۆ بوونەوە.

شایانی باسە خوێندکارانی کورد لەو ڕێورەسمو ڕێپێوانەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووو لە لایەن خوێنداکارانی دیکەوە بە گەرمی پشتیوانییان لێکرا. لەم کۆبوونەوەیەدا پاش قسەکانی نوێنەری (تەحکیمی وەحدەت)، "فەرشاد دووستیپوور"

بۆ لاپەڕی٨

## سەردانی شاندێکی ڕێبەرایەتی حیزب لە دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران



ڕۆژی ٢٥ی سەرماوەز هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان جەلیل گادانی ئەندامی دەستەی راوێژکارانی دەفتەری سیاسی حیزبو کەماڵ کەریمی، حەسەن قادر زادە ئەندامانی دەفتەری سیاسی، سیامەك وەکیلی ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نەسرین حەداد ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەردانی بارەگای ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان کردو لەلایەن فاروق بابا میری، بەهمەن عەلیار ئەندامانی دەفتەری سیاسی، عەبدوڵڵا کۆنەپۆشی، عەبدوڵڵا عەزیمی، عەبدوڵڵا ئازەر بار، ساڵح شەریفی، زاگرۆس خوسرەوی ئەندامانی کومیتەی ناوەندیو سالار پاشایی ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندیی کۆمەڵە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەسەر زۆر مەسەلەو پرسی گرینگ پێوەندیدار بە جیهان، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ناوچەکە بە تایبەتی ئێرانو هاوکاریو لێك نزیك بوونەوەی هێزە سەرانسەرییەکانی ئێران بە گشتیو هێزەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانو هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی کراو بە پێویستییەکی ئەمرۆییو بە پەلە لە قەڵەم درا. ئەم کۆبوونەوەیە دەستی لە سەر نوختە لاوازەکانی نیوان ڕێکخراوە کوردستانییەکان داناو بە تایبەتی لەتبوونو دابڕانەکانی نێوانیان وەك خاڵێکی نیگەتیڤ دەست نیشان کرا. بەڵام سەڕەرای ئەمانەش هەر دوو لایەن ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریو پێك هێنانی هەر هاوپێوەندیەك لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەربڕیو لەو قۆناغەدا وەك ئەرکێك لە بەرنامەی کارو تێکۆشانی خۆیان دا دانا، بۆ ئەوی ببێتە هەوێنی هاوکاریی نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکانی دیکەشو روحێکی تازە بە خەباتی ئازادیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو خەباتی نەتەوەیی جووڵانەوەکە ببەخشێ.

## بەیاننامە

# خەبات دژی تیرۆریزم لە کوێ‌و ئازاد کردنی کازم دارابی لە کوێ؟

رادیۆی تاران لە بەرنامەی خەبەریی سەعات ٨ی بەیانیی رۆژی سێ‌شەممە ١٣٨٦/٩/٢٠ دا بە راوێژێکی سەرکەوتووانەو حەقدارانە رای‌گەیاند کازم دارابی هاونیشتمانی ئێرانی کە ١٥ ساڵ بوو بێ هیچ دەلیل‌و بەڵگەیەك لە ئالمان گیرابوو، ئەم بەیانی‌یە گەیشتەوە تاران. کازم دارابی بۆخۆشی لە وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەنووسان دا رای‌گەیاند کە لە کاتی گیرانی دا هیچ پێوەندییەکی بە دەزگا رەسمی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە نەبووەو ئەو تۆمەتانەی دراونە پاڵی هەموویان دروستکراوی دەستی ئەڵمانییەکان بوون. بەڵێنیشی دا لە دوا رۆژێکی نزیك دا کتێبێك بڵاو بکاتەوە کە بە قسەی خۆی هەموو راستی‌یەکانی تێدا روون بکاتەوە.

ئەوانەی لە نزیکەوە ئەو مەسەلەیان خستۆتە بەر لێوردبوونەوە هێندی راستیی حاشا هەڵنەگریان لە بیرە کە رەنگە گرنگترینیان ئەمانە بن:

١ـ ئەوە دەوڵەتی ئەڵمان نەبوو کە خوازیاری گیران‌و حوکمدرانی تیرۆریستەکانی رووداوی میکۆنووس بوو، بەڵکوو پێداگرتن‌و سەرسەختیی دەزگای قەزایی ئەو وڵاتە بوو کە نەچووە ژێر باری فشاری دەسەڵاتی ئیجرایی ئەڵمان‌و تا روونکردنەوەی لایەنە جۆراوجۆرەکانی جینایەتی میکۆنووس‌و حوکمدانی تاوانباران دەستی هەڵنەگرت.

٢ـ لە حوکمی کازم دارابی دا کە بە حەبسی هەتا هەتایی مەحکووم ببوو، ئەوەش گونجاو بوو کە پاش ١٥ ساڵ زیندانیش نابێ قانوونی لێخۆشبوون بیگرێتەوە، ئەو قانوونەی ئەڵمان دەڵێ کە ئەوانەی حەبسی ئەبەدیان بۆ دەبڕێتەوە دەکرێ پاش ١٥ ساڵ لێبووردنیان بۆ دەرچێ‌و ئازاد بکرێن.

٣ـ لە ماوەی نزیك بە سێ ساڵ موحاکەمەی تیرۆریستەکان دا دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی سەدان هەزارو بگرە بە میلیۆن دۆلاری بۆ گرتنی وەکیل‌و کاروباری دادگا بۆ کازم دارابی‌و تیرۆریستە لوبنانی‌یەکانی کرێگرتەی کۆماری ئیسلامی خەرج کرد، لە حاڵێك دا ئەودەمیش حاشای لەوە دەکرد کە هیچ پێوەندی‌یەکیان بە رێژیمی ئێرانەوە هەبێ.

هەروەك لە کاتی خۆیدا دەوڵەتی ئەڵمان‌و دەوڵەتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا زۆریان ئیمتیازی بێ‌جێ دا بە کۆماری ئیسلامی‌و تەنانەت زۆر بێ حورمەتی‌یان لە رێژیمی ئێران قبووڵ کرد، ئێمە هەمیشە نیگەرانی ئەوە بووین کە دەوڵەتی ئەڵمان لە پێناوی قازانجی ئابووری‌و بازرگانی‌دا حەق‌و عەداڵەت بکاتە قوربانی‌و تاوانبارانی رووداوی میکۆنووس ئازاد بکا. کە وابێ ئازاد بوونی کازم دارابی بۆ ئێمە شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو. بەڵام ئەوەی بۆ سەرنج‌و لە سەرڕاوەستان دەبێ ئەوەیە کە ماوەیەکە ئەڵمان بە رواڵەت لەگەڵ پێنج ئەندامی هەمیشەیی شووورای ئەمنیەت لە مەسەلەی بەربەرەکانی دژی تیرۆردا هاوکاری دەکاو تەنانەت لە پێوەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا لایەنێکی سەرەکیی ئامادە کردنی گەڵاڵەی بڕیارنامەیەکی تازە بۆ سزادانی کۆماری ئیسلامی‌یە. بۆیە بە حەق جێگای پرسیارە کە لە کاتێك دا خەڵکی ئێران‌و جیهانی چاوەڕوانی هەڵوێستی توندتری کۆمەڵگەی جیهانی بەرامبەر بە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی‌و هەوڵی ئەو رێژیمە بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمین، ئازاد کردنی کازم دارابی تاوانباری سەرەکیی تیرۆری میکۆنووس جگە لە پاداش‌و کادۆ بۆ ئەو رێژیمە سەرەڕۆو تیرۆریست‌و تیرۆریست پەروەرە دەتوانێ چ ناوێکی هەبێ؟

ئێمە وێڕای بەداخ بوون لەو هەڵوێستە نا دروست‌و نەشیاوەی دەوڵەتی ئەڵمان ئازاد کردنی سەردەستەی تاقمە تیرۆریستی‌یەکەی جینایەتی میکۆنووس بە توندی مەحکووم دەکەین‌و هیواداریین هەموو کۆڕو کۆمەڵەکانی لایەنگری حەق‌و عەداڵەت ئەو هەنگاوە نابەجێیە مەحکووم بکەن‌و رێگا نەدەن لەوە زیاتر خوێنی بە ناحەق رژاوی رێبوارانی رێگای ئازادیی گەلان فیدای هێندی قازانجی کاتی‌و سات‌و سەودای بازرگانی بکرێ.

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستان
١٣٨٦/٩/٢٠
٢٠٠٧/١٢/١١

---

# فڕین (*)

عەلی بداغی

لێرە بە هێمنی هەنگاو بنێ، هاکا دیسان دەنگی تەقینەوەی مین لە نێو ئەشکەوتی ئەو شاخانەدا دەنگی دایەوەو، پڕمەی ولاغی کاسبکاران‌و هانکەهانکی کۆڵبەرانی ماندووی بڕی.

لێرە بە هێمنی هەنگاو بنێ، هاکا زایەڵەی پێکەنین‌و تریقەی خەندەی چەند منداڵێکی روو گەش، کە کایەو یاری لە سەر ئەو تەپۆڵکە، یان لاپاڵی ئەو گردە کۆوەی کردوون، ببێتە شریخەی زریکەو لە لێدان کەوتنی دڵێکی پڕ لە خولیاو کەوتنەوەی گەرمەشینێ.

چەندە زۆرو چەندە تاڵن بەسەرهاتی ئەو کۆڵبەرە ماندووانەی بۆ پاروەە نانێکی خۆیان‌و بنەماڵەی چاوەڕێیان، رەوەزو شاخ‌و هەڵدێریان دەبڕی،و لاقیان پەڕی. چەندە زۆرو چەند بە ژانن، بینینی ئەو منداڵە رووح سووك‌و بێ تاوانانەی بۆ چرکە ساتێك خۆشی‌و شادی لە بەزمی منداڵانەیان دا، چەند بستێك لە دێ دوور کەوتنەوەو دەستیان پەڕی‌و چرۆی پێکەنینی ژیانیان هەڵ وەری.

چەندە زۆرو چەندە جەرگبڕن سیمای شێواوی ئەو وەرزێڕانەی لە مووچەو مەزراو لە کاتی ئاوداشتن‌و دروێنەو جووت‌و کێڵان دا هاواری بەژانی پڕ بە گەروویان ئاسمانی دا دەچڵەکاندو لاقە پەڕیوو دەستە پەڕیوەکەیان هەڵ دەگرتەوەو بەچاوی پڕ لە گریانەوە، فرمێسکی ژان‌و حەسرەتیان بە سەریان دا دەباراند.

چەندە زۆرو چەند گرانن کۆستی ئەو هەوارچییانەی لە ئامێزی بژوێن‌و بەندەنێ، مینیان پێ‌دا هەڵ پژاو هەرگیزاو هەرگیز نەگەڕانەوە.

لە مێژساڵە هەواڵی کوژران یان نەقوستان‌و بریندار بوونی خەڵکی سڤیل‌و مەدەنیی کورد بەهۆی تەقینەوەی مین بۆتە شتێکی ئاسایی، بەو مانایەش کە بەردەوامی‌و چەند پات‌و سەت پاتبوونەوەی ئەو رووداوانە نە ئیدی دەبنە مانشێتی رۆژنامەکان‌و نەبە دوا چوونی رۆژنامەڤانی‌یان لەسەر دەکرێ‌و خەریکە وردە وردە کاریگەریی لە سەر هەژانی ویژدانی گشتیی کۆمەڵگای کەم‌و کەمتر دەبێتەوە، وەك چۆن دەگوترێ "بەردەوامی‌و چەند پات بوونەوەی تاوان‌و دیاردە ناحەزەکان لە"قۆبح"و ناحەزیی ئەوان کەم دەکاتەوە". بەڵام بەو حاڵەش ئەوە راستی‌یەکە کە تەقینەوەی مین لە کوردستانی رۆژهەڵات رۆژانە ٢ـ٣ قوربانی وەردەگرێ، واتە لە ساڵدا نیزیك بە ٨٥٠ کەس لە خەڵکی بێ‌تاوان‌و مەدەنیی کورد بەهۆی تەقینەوەی مین گیانیان لێ دەستێندرێ، یان بریندارو نەقوستان‌و پەککەوتە دەبن.

قوربانیانی تەقینەوەی مین کێن؟ ئەو منداڵانەی بۆ کایەو قوماران لە گوندی دەچنە دەرێ یان بەرخەڵ‌و گاڕان وەپێش خۆیان دەدەن‌و رێی لەوەڕگەکانی دەورووبەر گوندەکەیان دەگرنە بەر،و هەڵ دەوەرن، ئەو ژن‌و کچانەی کە بۆ کەنگرو رێواس‌و گیاو گژی بەهاری ملی شاخ‌و بەندەن‌و کوێستانەکانی دوورو نزیکی دێیەکان دەگەڕن‌و ناگەڕێنەوە، ئەو کاسبکارو خەڵکە لێقەوماوەی بۆ پاروەە نانێك بۆسەکانی هێزە کورد کوژەکانی کۆماری ئیسلامی‌و گرژی‌یەکانی سروشت دەبەزێنن‌و دواجار یان گیانیان لە سەر ئەم پاروەە نانە دادەنێن یان بە نەقوستانی دەبنە سەرباری خێزان‌و ماڵ‌و منداڵە هەژارو دەسکورتەکەیان.

ئەوەش بە جێی خۆی کە "مین" ترس‌و دڵەراوکێی کردۆتە مۆتەکەیەك بۆ سەر ژیانی رۆژانەی ئەو گشت خەڵکەی زێدو نیشتمان‌و زەوی‌و زارو کێڵگەکانی خۆیان لێ بۆتە بۆسەی مەرگو نەمان.

جیا لە زیانە گیانی‌یەکانی تەقینەوەی مین، هەبوونی ئەم وردیلە مەرگ هێنەرە چ لە رووی کۆمەڵایەتی‌و چ لە رووی ئابووری‌یەوە زیان و خەسارێکی زۆری بە کۆمەڵگا و ئابووریی کوردستان گەیاندوە. ئێستاش بە هەزاران هێکتار زەویی بە پیت ولەوەڕگە و کویستانەکانی کوردستان بە هۆی مینرێژ بوونیانەوە کەڵکیان لێ وەناگیرێ، بە هەزاران کەس لە گوندنشینان ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ هێشتوە و روویان کردۆتە شارەکان و رێژەی بێکاریان لەم سونگەوە بردۆتە سەر. دیاردە کۆمەلایەتی‌یەکانی وەك چوونەسەرێی رێژەی تەلاق ، قەیرەیی، بێوەژنی، منداڵانی سەر شەقام‌و تەنانەت سواڵکەری لە دەرەنجامەکانی تەقینەوەی مین‌و کاریگەریی ئەم قەیرانە لەسەر کۆمەڵگای کوردین‌و بێبەش بوونی کۆمەڵگای کوردیش لە هێزی مرۆیی نە قوستانەکان‌و کەم ئەندامەکان کۆمەڵگا لە بوارەکانی بەرهەمهینان‌و چالاکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانیش لە جێی خۆی کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر ڕەوتی گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگا.



**هۆکارەکانی بوون‌و مانەوەو زێدە بوونی مین لە کوردستان**

مین وەك خۆی چەکێکی بەرگری‌یە کە لە بەرەکانی شەڕدا بۆ بەرگەری لە شوێنە نیزامی‌یەکان لە هێرشی دوژمن‌و بۆ ترساندن‌و خاوو لەسەرخۆ کردنەوەی هێزی دوژمن لە جموجۆڵ بەکار دێ. لە کاتی شەڕی ٨ ساڵەی عێراق ـ ئێران دا رێژیم نیزیك بە ١٦ میلیۆن مینی دژە نەفەری لە کوردستان چاند، لە کاتی هێرش‌و میلیتاریزە کردنی کوردستانیش دا گوندو بەرزایی‌و تەپۆڵکە نەما مۆڵگەو پایەگای لێ دانەمەزرێنێ‌و دەوروبەری ئەو مۆڵگانەش بە مین نەتەنێ. ٢٠ ساڵە شەری ئێران ـ عێراق کۆتایی پێ‌هاتوە، زیاتر لە ١٠ ساڵە چالاکیی چەکداریی حیزبە کوردستانی‌یەکان وەستێندراوە، بەشی هەرە زۆری کۆنە مۆڵگەکانی رێژیم چۆل کراون‌و بێ کۆ کردنەوەی مینەکان تێڵدرووەکانی دەوروبەریان کۆ کراون کەچی نەك هەڵمەتی کۆکردنەوەو پاکژ کردنەوەی ناوچە مینرێژکراوەکان هەنگاوێکی کردەیی بۆ هەڵ نەهێندراوەتەوە، بەڵکوو پرۆسەی مینرێژ کردن لە ناوچەکانی سەر سنوورو لە سەر رێی کاسبکاران‌و کاروانچی‌یەکانی سەر سنوور لە لایەن رێژیمەوە بەردەوام بووە، بۆوەی رێی بە هاتوچۆی ئەو کاسبکارو کۆڵبەرانە بگرێ کە لە رووی ناچاری‌و بێ دەرەتانی‌یەوە لە گەرووی شێر دا بە دوای پاروەە نانێکدا بۆ خاوخێزانیان دەگەڕێن.

هۆکاری ئەمەش بۆ چەند خاڵ دەگەڕێتەوە:

یەکەم، ئەوەی کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش رێککەوتننامەی نێو نەتەوەیی ئوتاوای لە ساڵی ١٩٩٧ دا بۆ قەدەغە کردنی بەکارهێنان‌و عەمبار کردن‌و گواستنەوەی مین ئیمزا نەکردوە، بەوەش رێژیمی ئێران هیچ چەشنە دەروەستی‌یەکی حقوقیی بۆ خۆی دروست نەکردوە.

دووهەم، ئەوەی هەڵمەتی پاکژ کردنەوەی زەویی مین رێژ کراو تێچوونێکی زۆری دەوێ، ئەو مینەی نرخەکەی تەنیا ٣ دۆلارە، ٣٠٠ دۆلاری بۆ هەڵگرتنەوەکەی تێدەچێ. لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ١٢ میلیۆن مینی پووچەڵنەکراوی نێژراو هەیە کە بەشی هەرە زۆری ئەو مینانە بە بێ هەبوون‌و لە گۆڕێ‌دا بوونی نەخشە چێندراوەو رێژیم تا ئێستا خۆی لە قەرەی ئەم بەرپرسایەتی‌یە نەداوە تا ئەو بەڵایەی بۆ خۆی بۆ خەڵکی بە دیاری هێناوە، لە سەریانی کەم کاتەوە.

سێهەم هۆکار، بۆ نێوەرۆك‌و ماهییەتی رێژیم دەرهەق بە گەلی کورد دەگەڕێتەوە. ئەوەی بۆ رێژیم گرینگ نیە گیان‌و خوێن‌و سەرو ماڵی خەڵکی کوردە. رێژیم ئەوەی بە کردەوە سەلماندوە کە دوژمنی قەستەسەرو نەیاری سوێندخواردووی گەلی کوردەو بۆ تواندنەوەی ئەم گەلەو بە چۆکداهێنانی بزووتنەوەی بەرەنگاری‌و مافخوازانەی ئەو گەلەش لە هیچ چەشنە جینایەتێك‌و کردەوەیەکی نامرۆیی نەپرینگاوەتەوە. هەر بۆیەش لەو پێوەندی‌یەدا نە بۆ خۆی هیچ هەنگاوێگ هەڵ دەگرێ‌و نە رێگە بە رێکخراوە مرڤدۆستە نێو نەتەوەیی‌یەکانیش دەدا بێنە کوردستان‌و لەم پێناوەدا بە هانای خەڵکی کوردستانەوە بێن.

*لە ناونیشانی بە نامەیەکی تەلەفیزیۆنی "کوردسات" وەرگیراوە.

# پێشمەرگە مرۆڤێکی عاشقە ژیان

رەسووڵ سوڵتانی



به درێژایی ژیانی مرۆڤ له سەر ئەم گۆی زەوییە، هەمیشە تاقمێکی کەم لە مرۆڤەکان توانیویانە جەماوەرێکی یەکجار زۆرو لە هەژمار نەهاتوو وەشوێن خۆیان بدەن‌و بە هۆی جەماوەرەوە زاڵ بن بەسەر تاقم‌و گرووپەکانی دیکەدا. گۆی زەوی بە درێژایی تەمەنی خۆی بۆ تاقە چرکە ساتێکیش نەبووە کە خوێنی ئاڵی مرۆڤی لەسەر نەڕژێ. بەشی هەرە زۆری ئەم خوێنرێژییانەی مێژووی مرۆڤایەتی دەرەنجامی ئەو شەڕو ئاژاوەو تالان‌و بڕۆو کوشت‌و کوشتارانەن کە مرۆڤەکان لە پێناو زێدەخوازی‌و دەسەڵاتپەرستی‌و خۆپەرستی‌دا کردوویانن. چونکە لە بەرامبەر هەر چەشنە هێرشێکی داگیرکەرانەو دەسەڵاتێکی زاڵمانەدا هەمیشە کەسانێك بۆ دیفاع لە مان‌و ماڵ‌و نیشتمانی خۆیان ڕاپەڕیون‌و بەرەنگاریان بوونەتەوەو لە تەواوی بەرەنگاربوونەوەکانیشدا هەتا گەیشتن بە سەرکەوتن یا خود تێك شکان‌و هەرەس هێنان، خوێن لە جەستەی مرۆڤ ڕژاوە. دیارە نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە دەسەڵاتداران‌و زۆردارانی دژە مرۆڤ، تەنانەت ئەگەر هیچ لەمپەرو بەرەنگار بوونەوەیەکیشیان لە بەرامبەر خۆیاندا نەدیبێ دەستیان لە خوێن ڕشتن‌و ئینسان کوشتن نەپاراستوە چونکە ئەم کردەوەیە لەواندا شتێکی جەوهەرییەو بەشێکە لە ژیانیان.

کاتێ ئاوڕ لە مێژووی نەتەوەی کورد دەدەینەوە، ئەم میللەتە لە هیچ قۆناغو بڕگەیەکی مێژووییدا نیشتمانەکەی بەبێ خرمەی ناڵی ئەسپی داگیرکەر شەو ڕۆژی نەکردۆتەوەو هەر کاتێکیش بۆ دیفاع لە خۆی‌و نیشتمانەکەی ڕاپەڕیوە بە درندانەترین شێوە سەرکوت کراوە. قارەمانەتی‌یەکانی قەڵای دمدم‌و سارمبەگی موکری‌و ڕاپەڕینەکانی شێخ عوبیدوڵڵای نەهری‌و شێخ سەعیدی پیران‌و سمکۆی شکاك هەتا دەگاتە قۆناغی ئێستای خەباتی نەتەوایەتیی نەتەوەی کورد، لە پێناو پاراستنی شوناس‌و خاك‌و زمانی ئەم نەتەوەیەو وەدیهێنانی خەون‌و ئامانجەکانی‌دا بوو. لە دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە خەباتی مافخوازانەی نەتەوەی کورد، قۆناغێکی جیاواز دەگرێتە بەر. ئەمجارەیان جووڵانەوە لە سەر کۆمەڵێك بنەماو پڕەنسیپی مۆدێرن دادەمەزرێ‌و هێزی جووڵانەوەکەش پێناسەو ناوی تایبەتی بۆ دەسنیشان دەکرێ. ناوی پێشمەرگە یەکێك لە یادگارییەکانی سەرەتای ژیانی سیاسیی حیزبی دیموکراتە. بەڵام پێشمەرگە کێیە؟ پێشمەرگە مرۆڤی ڕاپەڕیوی قۆناغی ئاگایی‌و هوشیاریی نەتەوەکەمانە. قۆناغێك کە ڕاپەڕینەکانی ئێمە لەسەر بنەمایەکی فکریی پتەو دادەمەزرێنن. قۆناغێك کە ئیتر خۆمان ناسیوەو مافەکانمان پێناسە کردوە. پێشمەرگە بەمجۆرەی لە ناوەکەی‌ڕا دەردەکەوێ مرۆڤێکە کەوتۆتە پێش مەرگ، نەك بۆ پاراستنی مەرگو نەك ئەوەی کە: مرۆڤێکی مەرگ دۆست بێ بەڵکوو بۆ پاراستنی ژیان ڕاپەڕیوەو بۆتە پارێزەری ژیان‌و جوانییەکانی ژیان.

کاتێك هێزی داگیرکەر دێتە نێو نیشتمانەوە، ئیتر خەزانی جوانییەکان دەست پێ‌دەکا. چونکە تانوپۆی هەموو جوانییەکان بە ئازادییەوە گرێدراونەتەوە. کە داگیرکەر هات یەکەم شتێك کە لە ناوی دەباو دەیکوژێ ئازادی‌و سەربەستی‌یەو دیارییەکەشی کۆیلەیی‌و ژێر دەستەبوونە. لەوەها هەلومەرجێك دایە، مرۆڤی هۆشیار، مرۆڤێك کە خۆی ناسیوەو توانیویەتی خۆی‌و مافەکانی پێناسە بکا بێ‌گومان لە پێناو پاراستنیشیان‌دا ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکا. بەڵام تەنیا خۆناسین‌و هۆشیاری بەس نین بۆ ئەوەی هێزو ورەی ڕاپەڕین‌و بەرەنگاربوون‌و گیانبازی لە وجوودی کەسێکدا بپشکوێ، بەڵکوو هەست‌و تێگەیشتوویەکی شۆڕشگێڕانەشی دەبێ لە پشت بێ. بەو پێیە، پێشمەرگە ئەو مرۆڤە هوشیارەیە کە بە ورەو هێزو هەستی شۆڕشگێڕانەوە، بۆ پاراستنی شوناس‌و نیشتمان‌و وەدیهێنانی مافەکانی ڕاپەڕیوە. مرۆڤێك کە جوانپەرستەو تەواوی جوانیەکانیش لە بوونی ئازادی‌دا دەبینێ. ئازادی بۆ پێشمەرگە نوێنگەی هەموو جوانییەکانە. پێشمەرگە مرۆڤێکی شەڕخواز نیە، بەڵکوو لە پێناو نەهێشتنی شەڕدا کە وەکوو تاکێك خاوەنی بیری سەربەخۆیەو سەربەستانە دەژی لە هەمواندا تەنانەت لە بەرامبەر هەڵپرووزانی تاکە درەخت‌و بنچکە گیایەکی نیشتمانەکەشی‌دا هەست بە بەرپرسیارەتی دەکا. لە هەمان کاتدا بەختەوەر بوونی گەلانی دیکەش شادی دەکاو قەت وەکوو داگیرکەران بیرناکاتەوە کە ئەوان لە پێناو ئازادیی خۆیان دا میللەتان دیل دەکەن بەڵام پێشمەرگە ئازادیی بۆ هەموو مرۆڤایەتی دەوێ‌و ئەوەتا شێعری مامۆستا هێمن زمانحاڵی هەموو پێشمەرگەیەکە:

**ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بە ئازادی بژی**
**کوا گەلی داماوو دیل‌و مات‌و خەمگینم دەوێ**

---

درێژەی لاپەری ٢

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز

ئازادیخوازیی نەتەوەکەمان ریشەو سەرچاوەی قووڵی مێژوویی هەیە. پێچەوانەی ئیدیعای دوژمنان‌و نەیارانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد نە لە ئێستاو نە لە ڕابردوودا دەستکردی وڵاتی دەرەکی نەبووە، هەر لایەنێك بە جۆرێك لە جۆرەکان بەرگریی لە مافەکانی نەتەوەی کورد کردبێ یان بە کردەوە پاڵ پشتی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلەکەمانی کردبێ، کورد بە دۆستی خۆی زانیوەو دەزانێ.

**هاورێیانی بەڕێز، پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆو دەرەوە دا لە قەیراندایە لە نێو خۆدا هیچ کام لە گیروگرفتە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی بۆ چارەسەر نەکراوە، بیرو باوەری ئازادو ئازادیخوازی بێرەحمانە سەرکوت دەکرێن، خوێندکاران‌و ڕووناکبیران بە تۆمەتی نارەواو جودابیری تووشی ئەشکەنجەو زیندان دەبن، لاوان‌و ژنان لە مافە سروشتیەکانی خۆیان بێ بەشن‌و تەنانەت لیباس پۆشینیش دەبێ بە مەیلی کاربەدەستانی ڕێژیم بێ. زەخت‌و زۆر لە سەر ئایینەکانی غەیری شیعە بەردەوامەو تەنانەت شیعەکانیش کە باوەریان بە ویلایەتی فەقیە نەبێ دەکەونە بەر لۆمەو سزادان، مافی نەتەوەکانی زۆرلێکراوی ئێران بە توندی‌و بە فراوانی پێشێل دەکرێ، بێ کاری‌و هەژاری لەو پەری خۆیدایە سەرەڕای ئەوە کە نرخی نەوت بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو چۆتە سەرێ‌و زۆر کاریگەریی ئەرێنی لە سەر ژیان‌و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران‌دا نەناوە. ترسی لە گرێژنە چوونی نیزامی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کادری بەرێوەبەریی پلە بەرزەکانی ڕێژیمیشی دا گرتوەو بە ئاشکرا لە یەکتر کەوتوونە ڕەخنەو گلەیی و گازەندە. هەر لایەوقۆلێك دەیەوێ سەرنەکەوتن‌و شکستی ڕێژیم لە سیاسەتی دەرەوەو ژوورەوەدا بە ئەستۆی ئەوەی دیکە دا بێنێ قەیرانی ڕێژیم لە دەرەوەو سیاسەتەکانی لە بەرامبەر کۆروکۆمەڵە نێونەتەوەیەکان لە ژوورەوەش خراپترە، زۆر کەس لای وایە بە چارەسەر کردنی قەیرانە ئەتۆمییەکەی ئێران ڕێژیمی ئێران بە سەر قەیرانەکانی دا سەرکەوتوو دەبێ یان بە واتایەکی دیکە گەرەنتیی مانەوەی لە سەر حوکم دابین دەکرێ، ئەم خۆش خەیاڵییە هەر لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوەشێتەوە. خەباتی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران پێش کێشەی ئەتۆمی ڕێژیم لە گەڵ ئەمریکاو وڵاتانی ئوروپایی دا هەر هەبووەو بە دوای چارەسەری ئەو کێشەیەش دا کە زەحمەت دێتە بەرچاو، هەر دەبێ‌و هەر دەمێنێ‌و پەرە دەستێنێ. پێچەوانەی ڕوانگەی هێندێك کەس بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران چاوەڕوانی ڕزگاریدەری لاوەکی نیە هەر چەند لە قۆناخە جۆر بەجۆرەکانی خەباتدا بۆ ئازادی، یارمەتیدەری لاوەکی‌و پشتیوانیی لاینگرانی ئازادی‌و دیموکراسی بۆ لابردنی دیکتاتۆری‌و سەرەڕۆیی لە ئێراندا کاریگەریی خۆی دەبێ هەر وەکوو لە زۆر وڵاتی جیهان دا لەم ساڵانەی ڕابردوو دا دیتوومانە.

**پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان !**

ئەزموون‌و تاقیکردنەوەکانی مێژوویی بە تایبەتی لە ماوەی ١٥ - ٢٠ ساڵی ڕابردوو دا نیشانی داوە ڕێژیمە دیکتاتۆرو سەرەڕۆکانی جیهان لە بەرامبەر شەپۆلی ئازادیخوازانەی گەلاندا خۆیان ڕانەگرتوەو یەك بە دوای یەك دا سەرەنگرێ بوون‌و تێك ڕووخاون. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەم قاعیدە بەدەر نیە. بۆیە دەبێ ریزەکانمان یەکگرتوو بکەین و بەرەو وەدیهێنانی ئامانجەکانمان کە کوردستانێکی ئازادو ئێرانێکی فیدراڵ‌و دیموکراتە هەنگاوی خێراتر هەڵێنینەوە.

**پیرۆز بێ لە هەموو لایەکمان ساڵیادی ڕۆژی پێشمەرگە،**
**سڵاو لە گیانی شەهیدانی پێشمەرگە،**
**سەرکەوێ خەباتی ئازادیخوازانەو مرۆڤانەی پێشمەرگە،**
**سڵاو لە ڕێبەران‌و سەرکردەکانی پێشمەرگە،**
**سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازم،**

دەفتەری سیاسی
حیزبی دیموکراتی کوردستان
٢٦ی سەرماوەزی ١٣٨٦

---

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

کوردستان
adabstan24@yahoo.com
ژماره ٤٧٦ (٣٠ی سەرماوەزی ١٣٨٦)
ئەدەب و هونەر

## ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین







### ئەرشەد نادری (ئازاد)

مێرمنداڵێکی ١٤ ـ ١٣ ساڵە بوو کە یەکەم جار دیتم. بۆ پێشمەرگایەتی رووی کردبووە کۆمیتەی شارستانی شنۆو هێزی سمکۆ. بەڵام لە بەر کەم تەمەنی، رازییان کردبوو بچێتە ریزەکانی یەکیەتیی لاوانی دیموکرات تا بەرەبەرە خۆی پێبگەیەنێ. دەڵێن مرۆڤ لە برینی خۆیڕا دەبێتە دوکتور. چونکە دەمزانی دایکی خۆم چی چێشتبووو چلۆن بۆ کوڕە مێر منداڵە ١٨ـ ١٧ ساڵەکەی کە ببووە پێشمەرگە، بە پەرۆش و نیگەران بوو، دایك و باوکی ئەویشم دەرك دەکرد. دەمزانی ئارەزوو دەکەن کەسانێکی دڵسۆز، سەرپەرستیی جگەرگۆشە مێرمنداڵەکەیان بکەن. بۆیە بە ئەرکی خۆم و هاوڕێیانی لەو بەتەمەنترم دەزانی ئاگامان لێی بێ و دڵسۆز و رێنوێن و خەمخۆری بین.

زستانی ١٣٦٢ی هەتاوی بوو. بنکەمان لە "کێلێ"ی سەرشاخان بوو. "ئەرشەد" بە دابی ئەو کاتی یەکیەتیی لاوان ناوێکی خوازراوی بۆخۆی هەڵ بژارد بوو، کردبوومان بە "ئازاد"!. "ئازاد"ی ژیرو بەگوێ و وریا، تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەبووو کە ئەوەندەی دیکە، لە نێو ئێمەدا خۆشەویستی کردبوو: دەنگخۆش بوو. بنەماڵەکەیان لە ئەسڵدا وابزانم خەڵکی قایری مەرگەوەڕ بوون و لە شنۆ گیرسابوونەوە. هەر بۆیە، گۆرانییەکانیشی هەموویان بە زاراوەی کورمانجیی ژووروو بوون. گۆرانییەکانی "ئازاد" بۆ گەرم کردنی شەوانی زستانی دوورو درێژی سەرشاخان لە بنکەی پێشمەرگانەدا، نیعمەتێك بوون. لەو زستانە سەختەدا،"ئازاد" بە توندی نەخۆش کەوت. بردمانە ماڵێکی گەرم کە ئەندامانی بنەماڵەکە هەر هەموویان نموونەی دڵسۆزی بوون، بۆ ئەوەی لە ژاوەژاوی "مەقەڕ" بە دوور بێ و دەردەکەی لێ پیستر نەبێ. رۆژێکیان داوای دەفتەرو قەڵەمێکی لێ کردم، بە دڵم داهات کە ترسی مردن دایگرتووەو دەیهەوێ شتێك وەك وەسیەت بنووسێ. بەڵام بۆچوونەکەی خۆم نەدرکاند، گوتم بەڵکوو بۆ ئەمەی نەبێ. دەفتەرو قەڵەمەکەم بۆ بردو چەند سەعاتێك بە جێم هێشت. کە چوومەوە سەردانی، دەفتەرەکەی لەبن سەری بووو بۆخۆشی خەوی لێ کەوتبوو. بە ئاسپایی دەفتەرەکەم لە خۆم نزیك کردەوەو هەڵم دایەوە. لە لاپەڕەی یەکەم، وێنەی چاوێکی فرمێسك لێ هەڵوەریوی کێشابۆوە. لەولاتر وێنەی شەمێکی داگیرساوو شەمێکی خامۆش. لە بنەوەشیان نووسیبووی: " ای یار! شمع من خاموش، شمع تو روشن"

زۆری بۆ نارەحەت بووم و زانیم بە هەڵە نەچووم. راوەستام هەتا لە خەو هەستا. گوتم دەفتەرەکەتم چاو لێ کرد. بەڵام "ئازاد" گیان لە خۆڕاییی وا بیر دەکەیەوە. شەمی تەمەنی تۆ دایسێ و خەریکە باشتر دەگەشێتەوە. بەو دەواو دەرمانانەی نەخۆشخانەی سەرشاخان( کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دایمەزراندبوو)و هەروەها بەو هەموو خزمەتەی دایە.... (خانە خوێ) زۆر بەرەو باشی چووی. خەونێکی دیتبوو، ئەویشی بۆ گێڕامەوە کە من لە بیرم نەماوە. بەڵام گوتی ئەمرۆ لە رۆژان باشترم. دوای چەند رۆژێك "ئازاد" چاك بۆوەو بۆوە بە کوڕە زیت و زیندووو هەڵسووڕەکەی جاران و هەر نارەی دەهات.

بەهاری ١٣٦٣، لە "ئازاد" دوور کەوتمەوە، من لە ناوچەی رەبەت و ئەو لەسەر شاخان. دوای هێرشە بەربڵاوەکەی رێژیم بۆ سەر ناوەندی کوردستان بە تایبەتی سەرشاخان، بیستم کە چۆتەوە نێو شار. ٥ ـ ٦ ساڵ دواتر کە ئەوسا ئیدی ببوو بە لاوێکی باڵابەرزی پێگەیشتوو، هاتەوە ریزی پێشمەرگە. بەوەفا بوو و رۆژانی پێکەوە بوون لە یەکیەتیی لاوانی هەر لە بیر بووو بەم بۆنەیەوە بە سەردان با یا بە نامە نووسین، زوو زوو لێی دەپرسیم. "ئازاد" ئێستا پێشمەرگەیەکی چالاك و رێکوپێك بوو کە لە نێو پێشمەرگەکانی هێزەکانی کێلەشین و ئاگری و رۆڵە دێموکراتەکانی شنۆو شیمالی کوردستان دا، ببووە ناوێکی ناسراو. ببووە کادرێکی دەرمانیی سەرکەوتوو. دەنگخۆشی‌یەکەشی هەر مابوو، ئەگەرچی کەمتر لە جاران گۆرانیی دەگوت. بەڵام دیسان نەخۆشی رووی تێکردەوە: نەخۆشیی ئەمجارەی، کورتخایەن نەبوو، بەڵکوو تا دەهات قووڵتر دەبۆوەو وازی لێ نەدەهێنا. نەخۆشی‌یەکی خوێنی کە وەك دەگوترا لە کوردستان نموونەی نەدیترا بوو. هاتوچۆی دوکتورەکان و دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ ئازار، ببوو بە بەشێك لە ژیانی رۆژانەی "ئەرشەدی نادری"، بە جۆرێك لاوازی کردبوو کە مرۆڤ بەزەیی پێدا دەهات.

رۆژێك هەواڵم پێگەیشت کە بۆ کۆتایی هێنان بەم ژیانەی گوللەیەکی لە خۆی داوە. بەم گوللەیە نەمردو ساڵێکی‌تر دەست و پەنجەی لەگەڵ نەخۆشیی سەرەتانی خوێن نەرم کرد. سەرئەنجام رۆژێکی کۆتایی‌یەکانی ساڵی ١٣٧٦، خەبەری مردنی لە نەخۆشخانەیەکی شاری بەغدایە، پێمان گەیشت. لەگەڵ بیستنی خورپەیەك لە دڵم هەستا. راست ئەو رستەیەم وەبیر کەوتەوە کە چەندین ساڵ پێشتر لەسەر شاخان لە نێو جێ و بانی نەخۆشی لە دەفتەرەکەیدا نووسیبووی:

**ای یار شمع تو روشن، شمع من خاموش**

# غوربەتنامەی




**ژوان پێنجوێنی**

**دائیم لـە حەزەردا سەفەری بە، لە وەتەندا**
**غوربەت کەش و عاجز بە ئەگەر ئەهلی تەریقی**
**نالی**

لە بێوەژنێکی دڵشکاو بە تەنیایی دڵپڕترم بۆ سەفەر
لە پیرەمێردێکی ئەغیار بە بیرەوەری بێباکترم لە مەرگ
لە کچێکی بەر پەنجەرەی سرکی تامەزرۆیش تەڕترم بۆ عەشق
من رووسووری سەدەیەك تێڕامانم
بە سێبەرەکەی خۆم بەخشیوە،
ئەڵێم گەر لە کاتی رۆشتنیشما سەرم لێبەجێما
ئەو لە سەبەتەیەك عیرفانا بۆم هەڵئەگرێت...
چون زایەڵەی سەرم لە خەڵقی سێبەردا
دەچێتەوە سەر نەسەبی رشتنی یەکەمین پێکە شەراب
لەژێر ساباتی ترێداو
دەگەڕێتەوە بۆ وەجاخی دوایەمین هەڵدانی
قومە عارەق لە زاکیرەی رەقی دەنکێك خورما !
بمبوورە....
بۆ چوونە نێو قسەو باسی سەفەر
نووسینەوەی ئەم سەرەتاگە پەژمووردانەی غوربەت
وڕێنەی پیاوگەلێن، تەزیوترن لەوەی بتوانن
لە نیوەڕۆیەکی داگیرساوی جێهشتنا
بەدەم خەیاڵی خۆرەوە چەپڵە بۆ بەرائەتی بەفر لێدەن
من ئێستاکە لە سەرەتای ئاخیرەتی حیکایەتێکدام
لە سەر ترۆپکی چاوەڕوانی و دوا چڵی پرسیاردا،
پەلی گومانم ئاڵاندۆتە ملی بیئۆقرەیی و
وام لەژێر پەلەپیتکەی خۆکوشتنی تەنیاییدا
ماتڵم بە قریشکەی یەکەمین راموسان و دواین بڕیاری تۆ
تۆش ئەی ئەوەی ساتی هەڵچوون دەبەخشیە دەریاو
هەڵکردنی رەشەبات لە دەستدایە و بارینی بارانت
گرتۆتە ئەستۆی چاوە گوناهبارەکانی هەور...
ئەگەر ئەمنێریت
فرسەتم بدە با خۆم کۆبکەمەوە
ئەزانین حیکەمەتی خۆکۆکردنەوە سیحرێکە لە عیشق دەکرێ
رەنگە پێت سەیر بێت!
ئەم پرسەو ئەم وەسیەت و خۆئامادەکردنە
کە نازانی بە درێژایی عومر چەند لەتم
لێکەوتۆتە خوارێ و
چەند جار لەسەر مێزەکانی دڵگوشران خۆمم لەبیر چووە
من...
پیاوێکم، گەر بە رێکەوتیش چووبێتمە کۆڵانێکەوە
گەمەیەکی بەزیوم لە ئاستانەکەی مناڵیدا جێهێشتووە
گەر بە رێکەوتیش ئایەتی باخچەیەکم ئەزبەر کردبێت
بەشێکی سەرم لە سوژدەی گوڵا هەڵنەگرتۆتەوە
من...
موسافێرێکم، بە هەر رێگایەکدا چووبێتم و
لە هەر دەرگایەکم دابێت بێشك پەنجەکانم
لە یەکەمین (کێیە)ی ئەودیو گومان نەسەندۆتەوە
گەڕیدەیەکم، بە هەر شەقامێکدا گوزەرم کردبێت
قاچێکم بە پیاسەی سێبەرەکەی خۆم بەخشیوە...
ئەگەر ئەمنێریت
رێگەم بدە با خواحافیزی بکەم
ئەزانیت بوێریی خواحافیزی جەسوورییەکە
لە هەوڵی خۆکوژی (با) ئەچێت
رەنگە پێت سەیر بێت!
ئەم مروەت و ئەم حەسەناو ئەم یەقینە
کە تێناگەی بە درێژایی عەشق چەند
گریان و چاومیان جێهێشتووەو
چەند جار شێعر بەسەر لە دایکبوونمەوە مردووە
من...
ژیان دۆستێکم، هەر جارێك دەفتەری گوناهەکانم کردبێتەوە
ناوێکی ترم لە لیستی خواکاندا نوسیوە
هەر جارێك لە قودرەتی چاکەکانم پاڕابێتمەوە
بێبڕواییم لە لەپی دەستەکانما ناشتوە
مناڵێکم، هەر جارێك لە چاوی سووری مامۆستاکەم ترسابم
ماڵئاواییم لە بووکە شووشەکانم کردوە
هەر جارێك قەهری باوکم دیبێت،
بە عاتیفەی دایکم گووتوە خواحافیز
من..
عاشقێکم هەر جارێك دڵم شکابێت
کتێبە شێعرێکانم نەخستۆتە سەر گازەرەی پشت
هەر جارێك بێمروەتیی یارم دیبێت
پێشتر بە هاوڕێکانم گوتوە دەڕۆم!
بێ ماڵئاوایی گۆرانییە رەنگ زەردەکان سەفەری هیچ
پاییزێکم نەکردوەو نەچووم بەڵێن بدەم
ئیتر لەگەڵ مەراقی هیچ مەقامێك نەگریم...
بێ‌ماڵئاوایی ئاوێنە گومانبەرەکان نەچوومەتە
غەفڵەتی هیچ مەستییەکەوەو هەوڵم
نەداوە خۆمم بیر چێتەوە
نامەم بۆ هەموو دۆستەکانم جێهێشتووە
ئینجا وێراومە دەست بگرم بە پەلی درێژی کۆچەوە
من بێ‌خواحافیزی
نەمتوانیوە باخچەیەك جێبێڵم و بەرەو
شکۆفەی گوڵێکی دوورتر بچم
نەمتوانیوە کتێبێك داخەم و لە فەلسەفەی
تەنیاییەکی‌ترا بنووم
من بێ‌خواحافیزی
نەم هێشتووە رۆحم لە بێدەنگی
گۆرانییەکەوە هەڵفڕێ و
لە بەستەیەکی‌ترا سکونەت بگرێت
نەمهێشتووە دڵم بەر پەنجەرەیەك جێبێڵێ و
لە کلاورۆژنەیەکی ترەوە ترپەی بێت....
ئەگەر ئەمنێریت
بهێڵە تێبگەم کوێ جێدێڵم و بەرەو کوێ
دەچم
من بەم دەمامکانەوە نازانم، دیسان بەرەو سەراب بچم
یان بۆ ئەو مەلەکوتانەی پڕن لە نهێنی و عەشق؟
بهێڵە بزانم
تا ئێرە مەکانی نوێژە ئەبەدییەکانی تەنیایی بوو
یان ماوە ئومێد لەسەر هەڵمی بێهوودەیی هەڵچنم؟
تا ئێرە وەختی شەهیدبوونی ئەزەلی عەشق بوو
یان ماوە مردنێکی‌تر بۆ عەشقێکی‌تر بدۆزمەوە؟
بهێڵە بەم زیکری عیرفانە
بە پەیژە خوساوەکانی ئەزموونا هەڵگەڕێم
من زۆر جاری‌تریش بە دوو باڵی پڕ لە سیحرەوە
لەم رێگایانەم داوەو یەخسیر بووم بە ئاخیرەتی فڕین
تۆ دەزانیت؟
دەزانیت کورتترین سەفەری من گەیاندنی نامەیەکی کانێکەی
بەر ماڵی خۆمانە بۆ دەریا....
بردنی سەتڵێك ئاوە بۆ کەشف کردنی
دێوە نادیارەکەی سەراب
رۆشتنمە لەگەڵ ئەو سێبەرەی عومرێکە دەڵێت:
پێك دەگەین و ناشگەین!
دەزانی کەمترین رێگە کە بڕیومە
هەر هێندەی بەیانی باشێکی زەردەپەڕە لە ئێوارە
هەر هێندەی سڵاوی تریفەیەکە لە جۆگەیەکی نەنوستوو
من بۆ ئەم چوونەی نەچوون!
پێویستیم بە زیاتر لە روحێك هەیە بۆ تەحەموول کردنی
بێمتمانەیی سەفەرو غروری مەرگ
پێویستیم بە زیاتر لە دڵێك هەیە بۆ هەڵگرتنی
سادەگیی خۆشویستن و پەمەیی بوونەوەی ژیان
دەزانیت پێویستیم بە زیاتر لە چاوانێك هەیە بۆ دیتنی
ئەو ڕەنگانەی ساتێك دێن و جارێکی‌تر نایەنەوە بینایيم
دەزانیت پێویستیم بە زیاتر لە دەستانێك هەیە
بۆ باوەش گرتنەوە لە کاوی نائارامی
یەکەم هەنگاوی سەفەرو

# پیاوێکی تەنیا



بۆ دەست هەڵبڕین لەو دۆستانەی جارێکی‌تر
غوربەت ناهێڵێت بێنەوە نێو زەینم
ئەگەر ئەمنێریت...
پێم بڵێ با هەر لە ئێستاوە دەست بە گریان بکەم
کێ ئەڵێت دوای گەیشتن
فرمێسك ڕشتن بێهوودەیی نیە ئەزیزم؟
ئاخر هەر سەفەرێك ئەگەر کۆچی ناوەختی بارانیش بێت
وێستگەیەکی تەڕی تێدایە بۆ چاوەڕوانی...
من ئەمەوێت کۆچی چاوەڕوانیم سەختتر بێت
لە یەئسی ئەو مەنزڵەی دوای سەفەر پڕە لە دڵنیایی نایلۆنی
سەیرە تێنەگیت، هەناسە درێژیی من لەگەڵ بێدەنگیی بەرد
وەفای منە لە بەرامبەر دڵڕەقیدا
مانەوەی من بە دیار نەبارینی بارانەوە
تەڕێتیی لێبووردەییمە لە ژێر چەتری غەریبیدا بمبوورە،
من تەجرەبەی یەکەمین هەڵکردنی ڕەشەبا لە ژوورەکەمداو
دواین ڕەهێڵەی ئەسرین لە شێعرێکما فێریان کردم
لە دوای هەر سەفەرێکەوە غوربەت بە رووتی ببینم!
ئێستاش نەچووە بچێ....

ئەگەر ئەمنێریت، گۆرانیەکی
خوساوی"داریوش"و
چەترێك‌و کتێبێکی دڵتەڕی "لۆرانس" بهێنە...
ئەچینە پێچی ئێوارەیەکەوەو بەدەم
داگیرسانی جگەرەیەکەوە
مژ لە عومری یەکتر دەدەین‌و قسە لەبارەی غوربەتەوە دەکەین
رەنگە بپرسیت لە کۆڵانی غەریبیدا کام بێدەنگی
دەبێتە زیکری خەڵوەت‌و ئەم راموسانە لە تەنیایی لە پای چی؟
من براکەم کە لە تاراوگە لە هەوڵی
درێژکردنەوەی
ئەم حیکایەتی تەنیاییەی مندایە

بەپەلەو لە نامەیەکی شپرزەدا بۆی
نووسیبووم:
غوربەت تەنها کوژانەوەی خەریتەی نیشتمان نیە
لە زەینی جوگرافیای دووریدا
هەندێك جار مرۆڤ لە ئاژاوەکانی خۆیدا
بێگوناهو
لە ماڵەکەی خۆشیدا غەریبە....
بۆ ناسینەوەی رووخسارە خومارەکەی غەریبی
دەبێت ئاوێنە لە دیوار بکرێت‌و
پەنجەرەکەت بۆ هەمیشە بە رووی قەرەباڵغیدا نەکەوێتەوە....
غوربەت زۆرجار حوزنی قاوەخانەیەکی لاڕێی
"سۆلدج" بەجێدێڵێ‌و دەچێتەوە سەر
عارەبانەی
قاورمە فرۆشێکی بەردەم قوتابخانەکەی
ئەوسای منالی...
غوربەت زۆرجار لە کلیسایەکدا تەلاق دەدرێ‌و
دەگەڕێتەوە سەر منارەی ئەو مزگەوتانەی
ئایەت ئایەت باوکمیان دایە دەست تەنیاییەکی
کوشندە
مەرج نیە ئەوەی بە زمانی کەناری نەیتوانی
قەفەز
بەرێتەوە ناو خەیاڵدانی درەخت
ئیتر لە بەرامبەر شکۆفەو گەڵادا غەریبە....
هەندێك جار کە بە زمانی ئاو تاڤگەیەك
وەسێتنامە دەنووسێ‌و ئینتحار لە هاژە
دەکات
تو ناتوانیت بە رەشەبا بڵێیت: غەرییبیت باش!
من دوای خوێندنەوەی سەدان نامەو
دەرخی دەیان ئەدرەسی ئاوها وێران
بڵێم:
وەرە غەریبم،
با سلاوێکی غوربەتییانە لە سەحەر بکەین‌و
بەر لەوەی نیوەڕۆ بۆ دواین سەفەری سێبەر
نەفەرێك غەرییبمان لێ قەرز بکات....
بچینە پێشی ماشێنێکەوەو شتی لەبارەی
کۆچەوە بڵێین
من دڵنیام غوربەت بەوە تەواو نابێت
ئێوارەیەك بەو شەقامەدا پیاسە بکەم کە جگە
لە باران

بۆنی هیچ کەسی نەگرتوە....
سیگارێك پێکەم‌و بەدەم بیرکردنەوە لە برینی
یادەوەریی ئەو کچانەی لە خەیاڵما،
بوون بە شێعرو بوون بە ڕەنگ‌و بە گۆرانی....
سەرم شۆڕ بکەمەوەو نەهێڵم چاوم بچێتە سەر
دیمەنی پیاوێکی زبر کە خەریکە لەوبەر شەقامەکەوە
نیگەرانیی سادەی ناو لەپی دەستی کچێکی سواڵکەر
دەدزێت
یان ببینم گوڵەبەڕۆژە فرۆشێك
بەدەم تەماشای خۆرەوە سینییەکەی دەستی دەڕژێ‌و
خۆم بدۆزمەوە لە بینینی چۆلەکەیەك،
کە دێت دار لاستیکی دەستی منالێك برفێنێت!
من دەزانم بە ناشتنی دەستە شەرمنەکانی منالی‌و
قرتانی باڵە تەڕەکانی چۆلەکەو
نزای بێهوودەی کچێك لە ئێوارەیەکی دڵشکاو....
غوربەت رەحمی ناجووڵێ‌و
هەرگیز ئەم قومارە لیخنە ناگەیەنێتە کۆتا...
من دڵنیام تازە غوربەت بەرهەیوانی ئێوارانم جێناهێڵێ
دێتە حەوشەکەمانەوەو لەبری من ئینجانەکان ئاو دەدا
لە ژووری نووستنەکەمدا خەو بە ئاگاییمەوە دەبینێت
دێتە سەر میزەکەم‌و
بە واژۆی منەوە نامە بۆ دۆستەکانم دەنووسێت
غوربەت زۆر جار
لە دووکانەکاندا بە ناوی منەوە جگەرە بە قەرز ئەبات
شەوانە درەنگ بە تەلەفۆن خوشکەکانم خەبەر ئەکاتەوە
وورك لە نائومێدی باوکم ئەگرێ‌و
دەبێت بە دومەڵی سەر پەنجەی براکانم
لەوێش غوربەت وەك ئەسیرێکی پەشۆکاو
چاوەڕەییە من بازیبەندەکانی بکەمەوەو
لەگەڵ خۆمدا وەك دۆستێکی دێرین شارەو شار بیگێڕم
تا ئاشنا بێتەوە بە سەفەرەکانی من،
بە خواحافیزیەکانی من‌و هیجری فیرقەتەکانی من!
ئەگەر ئەمنێریت..
بە دڵم مەڵێ.... باهەر خۆم لەم خورپەیە بەئاگا بم
با هەر خۆم بزانم
غوربەت جێهێشتنی تەنیایی بێوەژنێك‌و
بیرەوەریی پیرەمێردێك‌و تامەزرۆیی کچێکە
لە کۆڵانی سەفەرو مەرگ‌و عەشقدا....
با هەر خۆم بزانم لە نێوان عەشق‌و مەرگ‌و سەفەردا
دەبمەوە گیرۆدەی ئەو نەغمەیەی کە تەنها خۆم دەزانم
بیڵێمەوە
دەبمەوە زەلیلی ئەو نهێنییەی کە هەر خۆم ئەتوانم
بیدرکێنم
ئاخر من عومرێکە لە سەفەر دام
ئەگەر هەر بڕیارە بڕۆم.. ڕێگەم بدە چاویلکەو کتێب‌و
گۆچان‌و جانتاکەشم هەڵگرم...
بەڵکو ئەوێ، جێگەی تەواو کردنی ئەو حیکایەتە بێت
کەلە منەوە دەستی پێکردو شیانە هەرگیز لە منیشدا
تەواو نەبێت...
ببورە، من لە یادم نییە بێ جانتا سەفەرم کردبێت
دەشزانم ئەوەی لە هەگبەکەم دایە...
چەند کتێبێك لەسەر دووری‌و هەنارێك‌و
پایپێك کە لە دڵنیایی بەر پەنجەرەکان دا پێ ئەکرێ‌و
چەند قەڵەمێك کە وا بزانم تەنیا یەکێکیان دەنوسێت
لەگەڵ وێنەیەکی خۆم،
کە لە ئاوێنەی ژوورەکەمەوە خۆم گرتوومەو
چەند دووعایەکی باوکم‌و عەشقێك.....
کە دڵنیام ئەگەر منیش جێیان بێڵم
ئەوان هەرگیز جێمناهێڵین.
* سۆلدێج: ناوی یەکێك لە گەڕەکانی شارێکی ئینگلیزە، کە براکەمی تێدا دەژی.

# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی


## جۆرج، بێرنارد شاو

جۆرج، بێرنارد شاو ١٨٥٦ ـ ١٩٥٠

لە دایکبوونی ساڵی ١٨٥٦ی زایینی‌و لە بنەماڵەیەکی کۆمەڵایەتی‌دا پەروەردەو گەورە بووە. لە تەمەنی بیست ساڵی‌دا خولیای ئەدەبیات بووەو چووە بۆ لەندەن، ماوەی نۆ ساڵ بە دوور لە ناو ناوبانگ ژیا. تەواوی ئەو پارەیەی کە بە هۆی نووسینی چیرۆکەکانیەوە وەری دەگرت تەنیا شەش لیرە بوو، لە ماوەی ساڵەکانی ١٨٧٩ ـ ١٨٨٣دا پێنج چیرۆکی نووسی کە نەکەوتنە بەر سەرنجی خوێنەرانیان. پاشان بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی فابیان‌و ماوەیەکیش لە گۆڤاری پالماندا شتی دەنووسی پاشان لە بڵاوکراوەی ساتردەی ریڤیو کۆمەڵێك بابەتی رەخنەگرانەی لەسەر شانۆ نووسی، هەر لەو کاتەوە بەرەو دوارۆژێکی روون هەنگاوی دەنا.

لە ساڵەکانی ١٨٩١ ـ ١٨٩٨دا چوار شانۆنامەی نووسی کە تا ساڵی ١٩٠٤ نەچوونە سەر تەختەی شانۆ. یەکەمین شانۆنامەی کە لە ئەمریکا ناوی دەرکرد(چەکەکان‌و مرۆڤ) بوو. دواتر لە رێگەی بڵاوکردنەوەی شانۆیەکی دیکە بەناوی "جان پۆل" لە بریتانیا ناسرا. لە بەرهەمە پڕ بایەخەکانی بێرناردشاو دەتوانین باس لە بەرهەمەکانی وەك: کارو پیشەی خانمی وارن میجر باربارا، هارت بێرگ هوز، سێنت پاك توانتولازا بکەین.

بێرنارد شاو هەر لەو کاتەی‌دا کە باوەڕی بە سوسیالیزم هەبوو، بەڵام تا مردنیشی خۆی نەبەستەوە بە هیچ تاقم‌و گرووپێك‌و باوەڕەکانی خۆی لە رێگەی نوکتەیەکی جوان کە تایبەت بەخۆی بوو باس کرد. بێرنارد شاو بە یەکێك لە شانۆنامە نووسە رەخنەگرەکان و بە بێ‌هاوتا دەژمێردرا. لە دووهەمی نۆمبری ١٩٥٠ لە تەمەنی ٩٤ ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد.






# ترس ( خۆف )

نوسینی: ناسر رەسووڵی

## تێرميناتۆر

بەشی چوارەم

لە درێژەی ناساندنی شێوازەکان‌و فیلمە بە ناوبانگەکانی سینەمای خۆف داو بە دوای باس لەسەر شاکارەکانی "هیچکاك" داو باس لە ئێپیزۆدەکانی دەیەی ٨٠ دا دەگەین بە شێوازە نوێیەکەی جیمز کامێرۆن کە بە زنجیرەکانی تێرميناتۆر ناسراون بە دەوەرگێڕانی ئارنۆڵد شوارتزنگێرلەش جوانی دەیەکانی ٧٠و ٨٠ کە ئێستە فەرمانداری کالیفۆرنیایە.

لەم فیلمانەدا باس لە هێرشی مرۆڤی پێشکەوتوو لە سەیارەکانی دیکەوە بۆ سەر زەوی دەکرێ بە نییەتی لەبەین بردنی نەسلی مرۆڤی سەر زەوی کە هەدەف کوڕێکی لاوە بە پێی پێش بینییەکانیان رەنگە بۆ لەبەین بردنی نەسلی مرۆڤ لەسەر زەوی پێویست بێ کە بیکوژن.

بەڵام ناتۆرێك (ناجی) بۆ گیانی ئەو کوڕە پەیدا دەبێ‌و هەموو کات (لە هەر ٣ حەڵقەدا) لە دەست هێرشبەرەکان رزگاری دەکات.

هێرشبەران هەرجار لە قاڵب‌و روخسارێك دا خۆ نیشان دەدەن بۆ وێنە "پیاوی جیویی" لە بەشی یەکەمی ئێپیزۆد دا.

رەنگە تێرميناتۆری یەك بۆ جیمز کامێرۆن باشترین پاڵپشت بوو کەلە ساڵی ١٩٩٧ دا درامای (titanic تایتانیك) بەرێتە سەر پەردەی نوقرەیی سینەماکانی جیهان.

هەر لە دەیەی ٩٠ دا دەیڤید فینچێرو برایان سینگێر کە لە ژمارەکانی پێشوودا باسمان کردبوون‌و بە درێژەدەرانی رێگای هیچکاك ناومان بردن هاتن‌و ئەم شاکارانەیان لە سینەما زیاد کرد.

١ـ حەوت ( خۆف، جینایی، فەلسەفی)١٩٩٦ دەرهێنانی فینچێر بە دەوەرگێڕانی براد پێت، کوین سپەیسی

٢ــ کایە ١٩٩٧ د. فینچێر دەوەرگێڕانی: ( شۆن پێن، مایکل داگلاس) (خۆف، فەلسەفی).

٣ـ باشگای مشتەکۆڵە٢٠٠٠ د.فینچێر دەورگێڕان: براد پیت. هـ ت نۆرمان.(خۆف، پزیشکی دەرمانی)

٤ـ گومان لێکراوانی هەمیشەیی ١٩٩٥ دەرهێنانی: برایان سینیگێر، دەورگێڕانی: کوین سپیسی. (خۆف، جینایی پۆلیسی، فەلسەفە)

ئەم فیلمانە باس لە کایزر شۆزە یان مرۆڤێك بە دەروونی شەیتانی‌یەوە دەکەن کە هەموو کات لە حەولی لەبەین بردنی مرۆڤەکانی دەوروبەریان دان‌و زۆربەی کاراکتەرەکان قاچاغچی‌و کانگێستێرن. بینەر کاتی دیتنی ئەم فیلمانە تا دوایین ساتی فیلمەکە بەردەوام بیری دەئاڵۆزێ‌و لە سێکانسی کۆتایی‌دا هەست دەکا کە: بەڵێ لە سەرەتاوە هەڵەم کردوەو فریوی دەرهێنەرو نووسەری سێناریۆم خواردوە.

سەیر ئەوەیە کە ئەوە تەنیا بینەرە کە هەست بەو مانەوەیە دەکا بەڵکوو بەشێکی زۆری ئەکتەرەکان‌و کەسایەتییەکان بە قەولی فارس "رو دست خوردن". ئەو شاکارانە شەپۆلێکی نوێ بوون لە سینەمادا بەگشتی‌و سینەمای خۆف‌و جینایی بە تایبەتی. بەدوای ئەوان دا ئالێخاندرۆ ئامێنەبار شاکاری"کەسانی تر"یشی خولقاند بە دەورگێڕانی نیکۆل کیدمان کە باس لە دنیای ئەرواح دەکا.

لە ژمارەی داهاتوودا کورتەیەك لە فیلمی "کەسانی‌تر" دەگێڕینەوەو باسی لەسەر دەکەین.

درێژەی هەیە.....



# بەڕێوەبەرانی ئێران پێیان وایە هەر ئەوان ڕاست دەکەن !

بەشی یەکەم

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: موعتەسەم نووورانی


ئەوە شتێکی زۆر ئاساییەکە، چەند نموونە بێنینەوە لە جیاوازییە تایبەتییەکانی نێوان بۆچوونەکانی واشینگتۆن وتاران، کە جیهان چۆن سەیری هەڵسوکەوتەکانی تاران، پایتەختی ئێران دەکاو، چۆن دەروانێتە ڕۆژئاوا. ڕاپۆرتی ئەم دوایانەی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم سەبارەت بەچەکی ناوکیی ئێران کێشە وهەڵلایەکی زۆری دروست کردوە. تەلەویزیۆنی ڕەسمیی دەوڵەتی -ئێران لە ڕاپۆرتێکدا لەبارەی ئەوکێشەیەدا ئاماژەی کردو، ویستی بێتاوانیی وڵاتەکەی نیشان بدا وبە ئاشکرا هێرشی کردە سەر وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو وتی واشینگتۆن، بە چاوی گومانەوە دەروانێتە ئەو ڕاپۆرتە بۆ ئەوەی بتوانێ لەڕێگای گەمارۆی توندی ئابووریی‌یەوە زیاتر فشار بخاتە سەر ئێران.

بەڵام لەزۆر بواردا شەڕوململانیی نێوان تاران و واشینگتۆن زیاتر هەر قسەیەو، شکڵی واقعیی بەخۆیەوە نەگرتوە. هەم ئێران و هەم ئەمریکایی‌یەکان بە خراپی سەیری یەکتری دەکەن، هەڕەشە لێك دەکەن، زیاتر کای کۆن بەبا دەکەن و بۆ بێ ئیعتیبارکردنو سزادانی سیاسیی یەکتر، چەکە ژنگاوییەکان بەکاردەبەن، چونکە هەم ئێران خۆی بە هەقدار دەزانی و، لەناوچەدا هیچ وڵاتێك لە خۆی بەهێزتر نازانێ وهەم بۆ ئەمریکاش تەحەممول ناکرێ کە ئێران بەکەیفی خۆی ئەسپی خۆی لەومەیدانەدا لینگ بداو هەرچی پێی خۆش بێ بیکا. ئێستا هەم لە ئێران و هەم لە ئامریکا، دژایەتی کردن لەگەڵ ئەو هەڵوێستانە زیاتر پەرە دەگرێ و تەنانەت لەئیدارەی ئەو دوو وڵاتانەشدا ئەوشتانە وەبەرچاو دەکەون بەتایبەت لەگەڵ بۆچوونی دوو ڕێبەری ئەو دوو وڵاتانەدا، هەرچەندە ئەوە بۆ ئێران گرنگە کە بڵێ:" ئەوە هەقی خۆمە کەڵك لە تێکنۆلۆژیی ناوکی وەربگرم" . بۆ ئامریکاش ئەوە گرینگە کە قەولی خۆی بەرێتە سەرو، ئێران ناچار بکا کە لە دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی دەست بکێشێتەوە. لە هەردوو حاڵەتدا ڕەخنەیەکی یەکجار زۆر لەسەر ڕێبەری ئەو دوو وڵاتە هەیەو مومکینە وڵاتەکانیان تووشی شەڕێکی خەتەرناك بکەن.

ئەو دوو ڕێبەرە لەهێندێك بواردا زۆرعەجیب وەك یەك دەچن، جۆرج بووش ومەحموود ئەحمەدی نەژاد هەردووکیان مەزهەبی‌یەکی زۆر توندن، لەقسەکانیاندا بە بەردەوامی ئاماژە بە ڕێنوێنییەکانی خوا دەکەن. هەردووکیان زیاتر خەیاڵی بیر دەکەنەوە تا واقعی، هەردووکیان زیاتر پۆپۆلیستن و لە فریودانی خەڵك دا زۆر شارەزان، هەردووکیان زۆر زیرەکانە توانیویانە سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، هەردووکیان دەستەیەك کاربەدەستی کارامەو لێهاتوویان لەسەر کار داناوە، کەزۆر کۆنسێرڤاتانە لەگەڵ گیروگرفتەکان هەڵسوکەوت دەکەن و، هەردووکیان بەهۆی کردەوە شەرخوازانە وخەتەرناکەکانیان ئێستا کەوتوونە بەر لۆمەوتەشەری بەشێکی زۆرلە هاووڵاتەکانیان. بەو جیاوازی‌یە کە ئاغای ئەحمەدی نەژاد دوای دوو ساڵ لەسەر حوکم بوون، خۆشەویستی ومتمانەو لایەنگریی خەڵکی وڵاتەکەی لەدەست دا، بەڵام ئاغای جۆرج بووش دوای شەش ساڵ مانەوەی لەدەستی دا.

هەڵبەتە زۆر جیاوازیی دیکەش لە نێوانیان دا هەیە. ڕەنگە ئاغای بووش بەوە تاوانبار بکرێ کە لە کاتی شەڕی دژی تیرۆر دا ئازادییە نێوخۆیی‌یەکانی وڵاتەکەی کەم کردبێتەوە، بەڵام حکوومەتەکەی لە سەر شەقامەکان بەهۆی بەڕێوە نەبردنی حیجاب بەزەبری پۆتین وسەرنێزە ژنان ناگرێ یا بەهۆی دانەپۆشینی سەرو شان و ملیان بێ حورمەتییان پێ ناکا، یا خوێندکارانی( زانکۆ) بەهۆی چالاکیی خوێندکاری‌یەوە زیندانی ناکا ، بەتاوانی ئەوەکەئەمنییەتی میلليی وڵات دەخەنە مەترسی‌یەوە، یا بە ڕامالّینی جیابیران و موخالیفانی سیاسیی خۆی بە خاین تاونباریان ناکا، یان دمیان نابەستێ بۆئەوەی قسە نەکەن، بەڵام دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد هەمووی ئەمانە زۆرلەوەش زیاتر دەکا.

لە لایەکی دیکەوە، ئاغای ئەحمەدی نەژاد زۆر هەڕەشە دەکا بەڵام ناتوانێ بۆ ئەمریکا مەترسی بێ، تەنانەت ئەگەر بیشی‌هەوێ لەدەستی نایە، چونکە ئۆقیانووسەکان، دووری لەقاررەکانی تر، هێزو تێکنۆلۆژیی بێ وێنەی ئەو وڵاتە، کارێکی وایان کردوە کە ئەمریکا لە جیهان‌دا بۆتە هێزێکی بێ هاوتا. هێندێك گرووپی چوکەڵەی تیرۆریستی نەبێ، هیچ دوژمنێك ناتوانێ زەبری لێ بوەشێنێ. لەروانگەی ستراتیژی‌یەوە تاران وای لێك دەداتەوە کە سێرەی چەکەکانی دە هەرلایەك بگرێ لەژێر کۆنترۆڵی خۆی دایەو، ناوخۆی وڵاتەکەشی هەموو یەك دەنگ و یەك دەست ئامادەی فەرمانە، لەهەر شوێنێك مێشوولەیەك بجووڵێ لەبەر چاویەتی. لەلایەکی دیکەش بووش پێی وایە زۆر بەئاسانی دەتوانێ زەبری کاریگەری لێ بدا.











چوارچێوەی کاروباری ناوخۆی حکوومەتی ئاغای ئەحمەدی نەژاد بریتیە لە هەندێك بڕیاری توندوتیژو دروشمی زرق و بریقەدار بۆ ڕاگرتنی بڵێسەی ئاگری شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی١٩٧٩ ، بە لایانەوە گرینگ نیە ئەو ئاورە چەندی سووتەمەنی دەوێ و چەندە خەرج هەڵدەگرێ. لە ڕاستی‌دا ئەوە پارەیەکی یەکجار زۆری دەوێ کە هەر بە قسە خۆشە. ئەوەش دەبێ لەپارەی هیدرۆکاربۆن (نەوت) بدرێ. ئاغای ئەحمەدی نەژاد سەرکۆمارێکی بەختەوەرە، سووتەمەنییەکی زۆری لەبەردەست دایە. ئێران لە باری پاشەکەوتی گاز دووهەمین وڵاتی جیهان و لەباری نەوتیشەوە سێهەمین وڵاتی جیهانە. دەورانی بەڕێوەبەریی سەرکۆماریی ئاغای ئەحمەدی نەژاد تێکەڵاوە لەگەڵ چونەسەری نرخی ماددە نەوتییەکان لەبازارە نەوتییەکانی جیهان دا، کە داهاتە نەوتییەکانی ئێران یەکجار چۆتە سەرێ. داهاتی نەوتیی ئەو وڵاتە ئەو ساڵ نزیك بە ٥٠ میلیار دۆلارە، بە پێی هێندێك حیساب، ئەو بڕە پارەیەی وەدەست هاتوە ولەبەر دەستی ئاغای ئەحمەدی نەژاد سەرۆك کۆماری ئێران دایە بە قەد داهاتی نەوتی دوو دەورەی سەرکۆماریی ئاغای محەممەد خاتەمی، سەرکۆماری پێشترە .

بەڵام لەبەر ترسنۆکیی ئابووریزانەکانی ئێرانە کە، ئاغای ئەحمەدی نەژاد ئەو پارە زۆرە بۆ سەرمایەگوزاریی سیاسی، بە مشە خەرج دەکا وەك، یارمەتی بە ڕێکخراوە ئیسلامی‌یەکانی لایەنگری خۆیان ، مانەوەی کۆماری ئیسلامی لەسەر کورسیی دەسەلأت، کڕینی چەك وچۆڵ، کردەوە تیرۆریستییەکان وبەرهەمهێنانی چەکی ناوکی. زیادتر ئەو کارانە دەکا تا سەرمایەگوزاری بۆ داهاتووی وڵات. بێ پسانەوە سەردانی ئوستانەکان دەکا، قەولی خەرجێکی یەکجار زۆر دەدا بە پرۆژە خەرجێیەکان بەبێ هێندێك هەڵسەنگاندن ولێکدانەوەی حیسابات،١/٣ ی بودجەی وڵات قوت دەدرێ و دەچێتە گیرفانی تاقمێکەوە.

ئەوانە نەتەنیا ڕیفۆرم و ئاڵوگۆڕیان نەکردوە، بەڵکوو گرانی وبێکاریی ڕۆژ لەڕۆژ زیادتر شان وملی خەڵکی هەژاری گرتوە. ئاوسانیماڵی ساڵ بەساڵ دەچێتە سەرێو گەیوەتە ٢٠٪. نرخی موڵك و زەوی‌وزار زۆر گران بووە، لە کاتێك دا چاو لە هیرەمی سنیی ئێران بکەین زۆربەی تەمەنەکان لەنێوان ٢٠ تا ٣٠ ساڵی دان. بەڵام بێکاری، ماندوویی وگرانی شەکەتی کردوون. کرێ خانوو زۆر گرانە بۆیە خاوەن موڵکەکان زۆریان قازانج کردوە، بەڵام کۆمەڵناسەکان دەڵێن کەلێنێکی زۆر لە نێوان چینی دەوڵەمەندو چینی هەژاردا پێك هاتوە کە، ئەو وەزعە بۆتە هۆی ئەوە کە خەڵك چۆن شایان دەرپەراند، ئاواش ئایەتوڵلاکان لادەبەن. ئێستا دەوڵەمەندە ئێرانییەکانیش لەو وەزعە زۆر خۆشحاڵ نین، بازرگانەکان بە پێچەوانەی خەڵکی ئاسایی، ئاگاداری ئەو وەزعە ناخۆشەن کە چۆن گەمارۆی ئابووریی نێونەتەوەیی ئابووریی ئێران ڕێك دەگوشێ و چۆن گەمارۆ ئابووری‌یەکان زەبر لە ژێرخانی ئابووریی وڵات دەدەن . تا ئێستا بازرگانەکان دەستیان کردوە بە موعامەلە لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، لە چەندساڵی ڕابردوودا چین جێگای وڵاتانی ئوروووپایی گرتۆتەوە بۆموعامەلات ونـاردنی کاڵاکانی بۆئێران‌و ئێستا گەورەترین شەریکی بازرگانیی ئێرانە. ئەوان هەروەها ڕێگایان دۆزیوەتەوە کە ئەگەر ئامریکا لەڕێگای بانکی جیهانییەوە گەمارۆ بخاتە سەر ئێران لەڕێگای ناوبژیوانیی هێندێك لە وڵاتانی دەرەوەو، بەکار نەهێنانی دولار کاری خۆیان بەرنە پێش.

بەڵام هەمووی ئەوانە دەبنە هۆی بەرز بوونەوەی نرخەکان لەبازاڕدا. ئابووریزانێك لێکی داوەتەوە کە ئەوکرێ بارە زیادییانەی بەهۆی متمانەی بانکی کە لەڕێگای دوبەی‌یەوەدێن بۆئێران١٠٪تا ٢٠٪ نرخەکانیان بەرز دەبێتەوە، لە موعامەلات دا نرخی بازارەکان دەگۆڕێ. بازرگانە چوکەڵەکان کە لەڕێگای کەنداوو ئیماراتەوە کاڵا وارید دەکەن ئەویش زۆر گران دەکەوێ. میکانیکێکی خۆجێیی ئوتومبیلی پێژۆ دەڵێ" ئەگەر بتەوێ بە ١٠٠٠٠٠ تمەنی نەغد پارچەیەکی بچووك بۆگیربۆکسیکی دروست کراوی فەرەنسە بکرێ، ناتوانی " .

کاربەدەستانی ڕەسمیی حکوومەت زۆر لێبڕاوانە بە نەهێنی خەریکی گرێبەستی هێندێك پرۆژەن. ئەوان ئاماژە بە هێندێك نموونەی گەشە سەندنی پیشەسازیی ناوخۆو خانووبەرەسازی و سەرکەوتنی ئێران لەبواری خۆژیوی بە بەروبومی کشتوکاڵی و پیشەسازی وەك گەنم، پۆڵاو سمیت دەکەن. بەڵام لە مانگی ژوئەن دا کە، ڕێژیم بەنزینی جیرەبەندی کرد، ڕیزی دورودرێژی ئوتومبیلەکان لە بێنزینخانەکان بەرچاو دەکەوێ وبەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ڕەوتە دەستی پێ‌کردوەو خەڵك زۆر ناڕازین. ئەوەش ڕاستە کە، ئەو دوژمنایەتی وداسەپاندنەی گەمارۆی ئابووریی ئەمریکا لە مێژە لە ئارا دایە، ئێران دوودەیەی بەدوای یەك دا قازانجی لەو وەزعە کرد، ئابووری‌یەکەی گەشەی کردو وڵاتەکەی بەرەبەرە پێش کەوت. پاركو سەیرانگاکانی زۆر ڕێکوپێك و، بازاڕو شەقام کووچە وکۆڵانەکانی زۆر پاك وخاوێنن. بەڵام ئەگەر کاربەدەستانی ئێران ژیرانە لەگەڵ مەسەلەکان هەلسوکەوت نەکەن هەر پێیان وابێ ئەوان ڕاست دەکەن زەرەری تێدا دەکەن.

سەرچاوە
The Economist
www.economist.com

---

دریژەی

## هەواڵەکان

خەڵکی ئەیوانی ئیلامو نوێنەری خوێنداکارانی پولی تەکنیك، سوهراب کەریمی (خەڵکی قوروە)، نوێنەری زنکۆی ئازادی تاران، نوێنەری ژنانی خوێندکار، جەواد عەلیزادە، نوێنەری بیری چەپ پەیامی خۆیان پێشکەش کردو ڕاگەیەندراو لەلایەن دەفتەری تەحکیمی وەحدەتەوە خوێندرایەوە.

شایانی باسە هەرکام لە خوێندکارە کوردەکان لە قسەکانیان دا باسی کێشەی کوردو مافەکانی نەتەوەی کورد لە چوارچێوەی وڵاتی ئێرانیان دا کردو تەنانەت جەواد عەلیزادەش خەڵکی بابولشەری باکووری ئێرانە پشتیوانی لە مافەکانی گەلی کوردو وتەی خوێندکارە کوردەکان کردەوە.

لەو پێوەندییەدا سوهراب کەریمی فەوقی لیسانسی زانستە ڕامیارییەکان، فەرشاد دووستی‌پوور خەڵکی ئەیوانی ئیلام، جەواد عەلیزادەو حەمە ساڵە ئەیوان خەڵکی مەریوان لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە.

### هەمەدان بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێك لە ژێر ناوی "ئازادی بۆ زیندانیانی سیاسی"

ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەز ئەنجومەنی کوردیی بەیان لە زانکۆ هەمەدان ڕێوڕەسمێکی لە سەر بابەتی "ئازادی بۆ زیندانیانی سیاسی" پێك هێنا.

لەم کۆڕەدا جەخت لە سەر ئازاد کردنی هەموو زیندانیانی سیاسی بە هەر بیرو بۆچوونێکەوە بە تایبەت خوێندکارانی زیندانیی ئەم دواییانەی زانکۆکان کرایەوە.

هەروەهات پێداگری لە سەر ئازاد کردنی "فەرشاد دووستی پوور" ئەندامی ئەو ئەنجومەنەو سوهراب کەریمی‌و جەواد عەلیزادەو حەمە ساڵە ئەیوان کە ١٨ی سەرماوەز لە سەر خۆپێشاندانی خوێندکارانی تاران گیراون کرایەوە.

### بانە: کوژرانی هاووڵاتییەك بە هۆی پێکدادان

ئێوارەی ڕۆژی ٢٢ی سەرماوەز ٢ ماشێنی لە جۆری "٣ئێف" و "پڕاید" لە جادەی بانە ـ سەردەشت لە نزیك گوندی بێڵوێ تووشی پێکدادان بوون و لە ئاکام دا ٥ هاووڵاتی گیانیان لە دەست دا و دوو کەسیش بریندار بوون.

### بۆکان: کوژرانی هاووڵاتییەك لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە

ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ئازاردانی هاووڵاتیان لە بۆکان، کەسێك بە ناوی محی‌الدین تەعقیب دەکەن و لە سەر پردی میراوا تەقەی لێ دەکەن و دەیکوژن.

### مەهاباد: بەرپرسی زیندان درایە بەر دەسڕێژ

ڕۆژی ٢٤ی سەرماوەز چەند چەکدارێك لە نێو شاری مەهاباددا تەقەیان لە بەرپرسی زیندانی مەهاباد (ڕەزایی) کردو لە ئاکام دا ناوبراو بە توندی بریندار بوو.

### مەهاباد:کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی حیزب، هاوڕێ مەلا ڕەحمان مووقەدەسی

شەوی ٢٤ی سەرماوەز "مەلا ڕەحمانی مووقەدەسی" خەڵکی گوندی گردی یاقوبی ناوچەی شارویّرانی مەهاباد لە تەمەنی ٧١ ساڵی‌دا گیانی لەدەست دا.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوییەوە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبووە. بۆیە لە ساڵەکانی ٤٦ ـ ٤٧یش دا زۆر چالاکانە بەشداریی ئەو جووڵانەوەیەی کردوە.

بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە کەسوکاری ناوبراو و سەرجەم خەڵکی ناوچەی شارویّران دەکەین‌و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

# سوسیال دێموکراسی چیه؟

**( بەشی چوارەم )**

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزم و سۆسیال دێموکراسیداو هەروەها مۆدێلو ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزییەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیه؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بڵاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆنو ئان ماری لیندگرێنە.**

## دەرفەتی یەکسان یاخۆ ئاکامی یەکسان؟

ئەو شتەی کە سیاسەتی یەکسانی دەتوانێ دروستی بکات دەرفەتی یەکسانە بۆ خەڵک؛ ئەوەی کە خەڵک چۆن باشترین کەڵک لەو دەرفەتانە وەر دەگرن پەیوەندیی بە خۆیانەوە هەیە. سیاسەتی یەکسانی نە دەتوانێ و نە دەش بێ هەمووان ناچار بکات کە بەرەو یەک لا بڕۆن بۆ ئەوەی کە بە یەک ئامانج بگەن.

لە فەلسەفەی سیاسیدا زۆرجار جیاوازی دادەنرێت لە نێوان یەکسانیی دەرفەت و یەکسانیی ئاکامەکان. ئەوە پێناسەکەی دووهەم واتە یەکسانی ئاکامەکانە کە ڕەخنەگران بە شێوەیەکی ئاسایی کەڵکی لێ وەردەگرن کاتێک کە دەڵێن یەکسانی و یەک فۆرمی هەمان شتن.

ئەگەر مرۆڤ داخوازی بۆ یەکسانی وەها وەرگێڕێتەوە کە هەموو کەس دەبێ لە هەموو بار و دۆخێک هەمان ئاکام وەدەست بهێنن ئەوە بەو مانایەیە کە هەموو کەس ناچار بکرێن کە بە تەواوی وەک یەک بن. بەڵام ئەو لێکدانەوەیە لە سەر یەکسانی دژایەتیی لەگەڵ ناوەڕۆکی فکری یەکسانی هەیە: مافی یەکسان بۆ خەڵک بۆ بەڕیوەبردنی ژیانی خۆیان، ئەگەر ئێمە گشت کەس ناچار بکەین کە ژیانیان بە یەک شێوە بەرنە سەر، گرنگ نیە ئەوە چەندە "یە کسان" بێت، لە ڕاستیدا خەڵک هیچ دەرفەتێکیان بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان پێ نەدراوە.

هەندێک لە لایەنگرانی یەکسانی زەرەر بە چەمکی یەکسانی دەگەیەنن کاتێک ئەوان یەکسانی وا لێک دەدەنەوە کە هەموو کەس دەبێ هەموو شتێکیان بە یەک ئەندازە هەبێت.

هەر چۆنێک بێت، تەنانەت ئەگەر ڕێسای بنەڕەتییش ئەوە بێت کە "یەکسانی دەرفەت" (لە بەڕێوەبردنی ژیانی خۆت) بێت، مرۆڤ ناتوانێ بە تەواوی داخوازی "یەکسانیی ئاکامەکان" ڕەت بکاتەوە. ئێمە دەتوانین قوتابخانە وەک نموونەیەک بهێنینەوە: هەر کەس دەبێ هەندێک لێهاتوویی بنەڕەتیی هەبن بۆ ئەوەی کە بتوانێ وەک هاووڵاتی کاروباری خۆی بەڕێوەبەرێت وبتوانێ لە بازاری کاردا داکۆکی لە خۆی بکات. لەو بوارەدا قوتابخانە دەبێ "ئاکامی یەکسان" وەدەست بهێنێت. ئەوە بە نۆبەی خۆی دەتوانێ بە کردەوە "دەرفەتی جیاواز" بخوازێ واتە قوتابخانەکان کەڵک لە شێوازی فێرکردنی جیاواز وەر بگرن چونکە هەر شێوازێک بۆ هەموو قوتابییەک بە یەک شێوە گونجاو نیە. یا خود ئەوە دەتوانێ بەو مانایە بێت کە مرۆڤ دەبێ سەرمایەی زۆرتر بۆ ئەو قوتابییانە تەرخان بکات کە دژواریی زیاتریان لەوانیتر هەیە.

بەڵام ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە زیاتر لە زانیارییە بنەڕەتییەکان کە هەر کەس دەبێ بیبێت، مرۆڤ ناتوانێ داوا بکات کە هەموو دەبێ بگەنە یەک پلە. کەسێک کە لە موزیک باشە دەبێ مافی ئەوەی هەبێت کە شارەزاییەکەی گەشە پێ بدات هەروەک ئەو کەسەی کە لە بیرکاری یا دارتاشی یا مامەڵە کردن لە گەڵ خەڵک بە هرەمەندە دەبێ مافی ئەوەی هەبێت کە گەشە بە شارەزاییەکەی بدات.

لە ڕاستیدا یەکسانی مافی جیاواز بوونیش دەگرێتەوە (بە بێ ئەوەی کە بەو مانایە بێت کە یەکێک لەویتر گرنگتر سەیر بکرێت یا خود بە شێوەیەک لە ئەوانیتر سەرووتر بێت).

تەنیا لەو کۆمەڵگایانەی کە بە ڕاستی یەکسانن مافی جیاواز بوون هەیە. لە کۆمەڵگای نایەکساندا هەمیشە هەندێک هەن کە جیا دەکرێنەوە، وەلا دەندرێن و هەر بۆیە هیچ کات دەرفەتی ئەوەیان پێ نادرێت کە گەشە بە لێوەشاوەییە تایبەتییەکانیان و کەسێتیی خۆیان بدەن.

## ئازادیو یەکسانی

زۆرجار وا باس دەکرێت، لانی کەم لە ناو لێکۆڵەرەوە کۆنسێرڤاتیوەکاندا، کە ئازادی و یەکسانی بە واتایەکی گشتی پێچەوانەی یەکترن.

ئەو تێزە لە سەر لێکدانەوەیەکی هەڵە لە سەر داخوازی بۆ یەکسانی وەک شتێک کە ئاکامی هاوچەشن بگریتەوە دامەزراوە. لە ڕاستیدا ئەگەر هەموو کەس بە زۆر بخرێنە یەک قاڵبەوە ئەوە لەگەڵ ئازادیی تاکەکان بۆ بریاردان لە سەر چۆنیەتیی بەڕیوە بردنی ژیان و بارودۆخی ڕۆژانەیان دژایەتیی هەیە.

بەڵام پێناسەی یەکسانی ئەوە نیە کە دەڵێ هەموو کەس دەبێ بە تەواوی وەک یەک بن. یەکسانی دەخوازێ کە هەموو کەس تەنیا لە بوارێکی تایبەتییەوە وەک یەک بن: مافی یەکسان بۆ بریاردان لە سەر مەرجەکانی ژیان. یا خود، ئەگەر بمان هەوێ بە شێوەیەکی تر باسی بکەین، مافی یەکسان بۆ ئازادی.

ئەگەر ئێمە لە کاتی قسە کردن لە سەر داخوازی ئازادی ڕاستگۆ بین، هەڵبەت دەبێ مەبەستمان ئەوە بێت کە ئازادی مافێکە بۆ گشت کەس. ئەو کات باس کردن لە دژایەتیی نێوان ئازادی و یەکسانی شتێکی نابەجێیە. بە پێچەوانە، یەکسانی یەکێک لە پێش شەرتەکانی ئازادییە: تەنیا لە کۆمەڵگایەکی یەکساندا گشت کەس دەرفەتی ئازاد بوونیان هەیە. لە کۆمەڵگایەکی نایەکساندا، کە لە وێدا ئەو کەسەی کە بە هێزترە ڕێگای پێ بدرێت کە لە سەر حسابی کەسێکی لاوازتر هەر چی پێی خۆش بێت دەستی بەسەردا بگرێت، هەندێک خەڵک دەرفەتی کەمتریان لە ئەوانیتر بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆیان دەبێت. بە هێزەکان مەرجەکانی ژیان بە سەر ئەوانیتر کە توانای کەمتریان هەیە دادەسەپێنن و بەو جۆرە ئازادیی ئەوان کەم دەکرێتەوە.

ئەگەر تێزی ناکۆکیی نیوان ئازادی لە گەڵ یەکسانی فرێ بە ڕاستییەوە بێت، ئەو کات دەبێ ئازادی وەک مافی دەست بە سەر داگرتنی هەر شتێک کە پێت خۆش بێت لە سەر حسابی ئەوانیتر پێناسە بکرێت. ئەم جۆرە ئازادییانە، کە تەنیا تاقمێکی کەم پێی شاد بن لە کاتێکدا کە ئەوانیتر لێی بێ بەش بن، هەڵبەت لە گەڵ داخوازی یەکسانی دژایەتییان هەیە.

هەر چۆنێک بێت، ئەگەر ئازادی جۆرێک پێناسە بکرێت کە بە کردەوە ببێتە هۆی کۆیلەتی و نەبوونی ئازادی بۆ زۆربەی خەڵک ئەوسا پرسیارەکە ئەوەیە کە، ئایا ئێمە باسی ئازادی دەکەین؟ ئایا ئەوە زۆرتر باس لە زێدەمافیی دەستەیەکی دیاریکراو لە خەڵک نیە؟

## یەکسانیو کاریگەری

باسێک کە ناو بە ناو سەر هەڵ دەدات ئەوەیە کە "ڕادەیەکی زۆر" یەکسانی زەرەری بۆ کاریگەریی ئابووری هەیە. بە وتەی بەشێک لە قسەکەرانی کۆنسێرڤاتیو جیاوازیی ئابووری پێویستە؛ دەرەتانی دەوڵەمەند بوون، وەدەست هێنانی پارەی زۆرتر لە خەڵکیتر یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە بە وتەی ئەوان دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئابووری.

ئەوە شتێکی سروشتییە کە خەڵاتی تێکۆشان (وەک بۆ وێنە ئەو مووچەیەی کە بۆ ئەنجام دانی کارێک وەردەگیرێت) گرنگە بۆ ویستی کار کردن و بۆ وەدیهێنان. سۆسیال دێموکراسی هیچ کات ئەو ڕوانگەیەی نەبووە کە هەموو کارێک دەبێ هەمان مووچەی بۆ دیاری بکرێت، بەڵکوو هەمیشە قەبووڵی کردووە کە ئەو کارانەی کە پلەیەکی بەرزتر لە خوێندن دەخوازن یا خود بارێکی قورستر لە ئەرک دەخەنە سەر شانی فەرمانبەرانەوە دەبێ داهاتی پتر بە ئەنجام دەرانی بگەیەنن.

بەڵام ئەو بۆچوونە کە لێوەشاوەیی و بەرپرسیاری دەبێ پاداشتی بۆ دیاری بکرێت سروشتییە کە دەبێ کار لە هەموو بوارەکاندا بگرێتەوە! مرۆڤ ناتوانێ تەنیا دەستەیەک لە کارەکان دیاری بکات و بڵێ کە تەنیا کۆشش و لێوەشاوەیی لەو کارانەدا دەبێ بە شێوەیەکی تایبەت خەڵات بکرێن، لە کاتێکدا کە خاوەن کارەکانیتر دەبێ تووشی کۆسپی ئابووری بن چونکە ئەوانیتر یەکجگار زۆر بە نرخترن. بەڵام "دەرفەتی دەوڵەمەندبوون" کە کۆنسێرڤاتیوەکان بانگەشەی بۆ دەکەن کە هێزێکی هاندەری گرنگە، زۆرجاران ئەگەر لە نزیکەوە لێی بکۆڵدرێتەوە دەر دەکەوێ کە تەنیا لە پەیوەندی لە گەڵ هەندێک کاری دیاری کراو و پلەی دیاری کراودا دروستە.

تاقمە پیشەییەکانیتر و جاری وا هەیە هەتا لقێکی[1] تەواو چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت کە قوبووڵ بکەن کە تێکۆشانی ئەوان گرنگییەکی وەهای لە باری مووچەوە نیە، جا قەی ناکات کە کارەکان چەندە بە لێوەشاوەیییەوە ئەنجام بدرێن، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت کە کارەکەیان بە باشی ئەنجام بدەن.

هەر چۆنێک بێت، بۆ ئەوەی کە ئابووری گەشە بکات وەدەست هێنانی ئاکامی باش لە لایەن پسپۆری زۆر خوێندەوار و سەر کردە بازرگانییەکانەوە بەس نیە. هەروەک ئەندازیاری خانووسازی و پزیشک دەبێ کارەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن، بە هەمان شێوە گرنگە کە بۆ وێنە کرێکارانی خانووسازی و بەشی تەندروستی کارەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن، سەر کردە لێوەشاوەکانی بازرگانی چ سوودێکیان هەیە ئەگەر ئەوانی کە دەبێ ڕاسپاردەکانیان بەڕێوەبەرن بە کردەوە هاندەرێکی وەهایان لە ئاست ئەرکەکانیاندا نەبێت؟

کاتێک کە جیاوازی بەر چاوی ئابووری وەک شتێکی باش وەسف دەکرێت، ئەوە ئەو لایەنانەی کە وا داهاتیان لە سەرەوەیە جەختیان لە سەر دەکرێتەوە: دەرفەتی خەڵات کردنی هەندێک دەسکەوت بە ئاشکرا. ڕووی تری سکەکە شتێکە کە باسی لێوە ناکرێت: ئەویش ئەوەیە کە هەندێک پیشە دەبێ بە شێوەیەکی مێتۆدیک کەمبەها بکرێن. ئەگینا بۆ دروست بوونی جیاوازیی داهات هیچ ڕێگایەکی تر نیە. بەڵام ئەگەر بمان هەوێ کاریگەریی جیاوازی بەرچاوی ئابووری هەڵسەنگێنین ناتوانین تەنیا بڕوانینە پلەی هەرە سەروەری داهات بۆ ئەوەی کە بزانین چ ڕوو دەدات، دەبێ هەروەها کارتێکەرییەکەی لە سەر پلە خوارەوەکانی داهاتیش لە بەر چاو بگرین.



ئەو کات بۆمان دەر دەکەوێت کە کۆمەڵگایەک بە جیاوازیی زۆر بەرچاو لە بواری ئابوورییەوە کاریگەر نیە. جیاوازیی مەزن لە بواری خوێندەوارییەوە بەو مانایەیە کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵک پلەیەکی نزمی خوێندەوارییان دەبێت و خەڵکێکی زۆر بە پلەی نزمی خوێندەواری بە مانای پلەی نزمی لێوە شاوەیی و بەو هۆیە پلەی نزمتری بەبڕشتی لە ژیانی پیشەیی دەگەیەنێت. جیاوازی زۆر لە بواری تەندروستییەوە بەو هۆیە کە بۆ وێنە چاوەدێری پزیشکی زۆر گران بێت یا خود شوێنی کارەکان بۆ تەندروستی پڕ مەترسی بن بەو مانایەیە کە خەڵک ناتوانن بە هەموو تواناوە کار بکەن.

جگە لەوە ئەگەر ئێمە جیاوازیی زۆرمان لە بواری مووچەوە هەبێت بەو مانایەیە کە زۆر تاقمی کەم داهاتیشمان دەبن، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاوی تاقمی کەم داهات بەو مانایەیە کە سەرجەمی داخوازی لە بواری ئابوورییەوە کەمتر دەبێت و دەرفەتەکانی کۆمپانیاکان بۆ گەشە کردن و "پارە پەیدا کردن" کەم دەبنەوە. نموونەی زۆر هەن کە ئەو ڕاستییە بە جوانی نیشان دەدەن.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وڵاتێکی پێشکەوتوو لە بواری پیشەسازییەوەیە کە زۆرترین جیاوازی لە داهاتدا هەیە بەو مانایە کە ژمارەیەکی زۆر "کرێکاری هەژار"ی هەیە، خەڵکی خاوەن کار کە ناتوانن بژیوی خۆیان دابین بکەن. لە ئەمریکا نیگەرانییەکی زۆر قووڵ لە مەڕ پلەی نزمی بەبڕشتی (Productivity) لە ناوەندە پیشەسازییەکاندا هەیە. ئەوە شتێکە کە بووەتە هۆی ناکارامەیی کۆمپانیا ئەمریکاییەکان لە پێشبڕکێی ناونەتەویی بۆ داکۆکی کردن لە خۆیان، لانی کەم لە ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ وڵاتەکانی لە حاڵی گەشە کردنی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا. ئەو پلە نزمەی بەبڕشتی دەکرێ هۆیەکەی تا ڕادەیەکی زۆر بگەڕێتەوە سەر ڕێژەی بەرچاوی کاری کەم داهات.

ڕێژەی بێکاری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئوروپا کەمترە، ئەوە شتێکە کە جارجار وەک بەڵگەی ئەرێنی بۆ دەرباز بوون لە بێکاری بە یارمەتی زیاد کردنی جیاوازی داهات ئاماژەی پێ دەکرێت.

بە لام ئەو ڕێژە کەمە لە لایەن گەلێک ئابووریناسەوە ڕەخنەی لێگیراوە و ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕێژەیەکی یەکجگار زۆری بێکاری نیوەکات دەشارێتەوە. ئەگەر مرۆڤ لە جیات ژمارەی ئەو کەسانەی کە کاریان هەیە پلەی پەراوێز کردن لە بازاڕی کار بپێوێت، ئەوسا ڕێژەی بێکاران لە ئەمریکاش دەگاتە نزیکەی پلەی ئوروپا.

ڕادەی مامناوەندی درێژخایەنی گەشەکردنی (long term average rate) ئابووری ئەمریکا، باشتر لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئوروپا نەبووە، ئەگەر چی ڕێژەی بێکاری کە متر بووە. ئەوە شتێکە کە دەبوو ڕووی دابا چونکە بێکاری کەمتر دەبوو بەو مانایە بێت کە توانایی ئابووری زۆر بە تەواوی کەڵکی لێ وەرگیراوە.

هۆیەکەی، بوونی ئەو هەموو کارە کەم داهاتەیە کە زۆر داخوازی نوێ دروست ناکەن تا ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان ببنە هۆی دروست بوونی کاری تازە.

ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووری و پێشکەوتن (OECD) لە نیوەی نەوەدەکان هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی ئەو تیۆرییە کە جیاوازیی زیاتر لە ڕێژەی داهات خۆیان کاری نوێ دروست دەکەن پێشکەش ناکات.

توێژینەوە لە سەر ئابوورییەکانی لە حاڵی گەشە کردندا نیشان دەدات کە یەکسانیی ئابووری، بە پێچەوانەی گەلێک ڕەخنەگر، قازانجی بۆ گەشە کردنی ئابووری هەیە. ئەو وڵاتانەی کە لە گەیشتن بە پلەیەکی بەردەوامی گەشە کردنی ئابووری سەرکەوتوو بوون (بە گشتی وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا) بە پێچەوانەی تیۆرییەکانی کۆنسێرڤاتیوەکان، تا ڕادەیەک نیشانەی یەکسانییان پێوە دیارە.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیرورای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو رێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بلاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵات و لاوازیی کەسایەتیی دێموکراتیك

محەممەد عەزیزیان

حیزب گرینگترین ئامراز بۆ ئالووگۆڕی دەسەلات لە دێموکراسی هاوچەرخە کە ئەرکی نوێنەرایەتی کردنی خەڵکێکە بە دەنگو بیرو رای جیاواز، بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش. حیزب وەکوو دامەزراوەیەکی سیاسی لە رێگەی پرۆگرامێکی دیاریکراو، و بە مێتۆدێکی تایبەتو لە رێگەی کاناڵە جۆراوجۆرەکان هەولی پراکتیزە کردنی بەرنامەکانی دەدات. حیزب دامەزراوەیەکی سیاسی نوێیە کە بەرهەمی ئەقلییەتی کەرەسەیی و ئەقلییەتی رەخنە گرانەیە کە لە نێو کۆمەلگا رۆژهەلاتییەکان داو کۆمەلگا کوردستانییەکانیش ئەقلییەتی کەرەسەیی وەکوو تەلەوزیون، کۆمپیوتر، ئینتەرنێتو کەلکی لێوەرگیراوەو ئەمە رەنگدانەوەی هەبووە لە سەر حیزبەکانیش بە فۆرمێکی جیاوازترەوە. لە کاتێکدا ئەقلییەتی رەخنە گرانە لە نێو ئەو کۆمەلگاو سیاسییانەدا لاوازەو ئێستاش دوای تێپەڕینی ئەو هەمووە ماوەیە حیزبەکان نەیانتوانیوە ئەقلییەتی رەخنە گرانە لە نێو سیستەمی سیاسی خۆیاندا جێگیر بکەن. هەر بۆیەش نەیانتوانیوە وەڵامێکی پێویست بۆ قەیرانە ناوخۆییەکانو پرسە هەنووکەییەکان بدۆزنەوە. ئەقلییەتی رەخنەگرانە هەلگرێ چەند تایبەتمەندییە کە بنەمای سەرەکیی پێکهاتەیەکی مۆدێرن پێك دێنن. ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لە: قەبووڵ کردنی دەنگی جیاواز، کولتوری پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو گرینگتر لە هەموویان کەسایەتی دێموکراتیکە. کە بە داخەوە ئەم فاکتەرانە لە ناو حیزبەکاندا ئامادەییان نییە. ئەوەی جێگای سەرنجەو پێویستە زیاتر باسی بکەم کێشەی کەسایەتیی دێموکراتیکە. ئەم حیزبانە چەندە توانیویانە لە ناو پێکهاتەی تەشکیلاتیی خۆیاندا بەرهەم هێنەری کەسایەتیی دێموکرات بنو لە پێوەندییە ناوخۆییەکاندا ئەم بنەمایە لە بەرچاو بگرن؟ ئایا تاکی ناو حیزبەکان لە کولتوورێکی دێموکراتیکانەدا پەروەردە کراوە تاکوو بتوانێ وشیاری هەبێت لە سەرخۆی وەك کەسایەتییەکی دێموکرات. ئەم تاکانە چەندە توانیویانە لە پێوەندییە کۆمەلایەتیو سیاسییەکانی خۆیاندا لەگەڵ خەڵکانی دیکە بە شێوەیەکی دێموکراتیك مامەڵە بکەن. ئایا تاکی نێو حیزبە کوردییەکان توانیویانە سیمای شۆڕشگێڕێکی دێموکرات بن؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە دەتوانین بە شیکردنەوەی خودی چەمکی کەسایەتیی دێموکراتیكو پاشان بە، بەراوردێك لەگەڵ واقعییەتی نێو پێکهاتەو ستراکتۆری حیزبە کوردییەکان بدینەوە.

(مەبەست لە کەسایەتی دێموکراتیك لە دەروونناسی کۆمەلایەتیدا، جۆرە کەسایەتییەکە کە زەمینەی بۆ بەشداری لە ژیانی گشتیدا بە هێزەو ژیانی سیاسی بە، بەستێنی تێکۆشان دەزانێ. ئەو لە لایەك نایەوێت بە سەر ئەوانیتر دا زاڵ بێتو لە لایەکی ترەوە لە هێزی کوێرانەی دەسەلاتداران خۆی دەبوێرێ. هۆکاری جۆراوجۆر بە تایبەتی لەگەڵ بەشداری لە ژیانی سیاسیدا پێوەندیو بە سڕاوەیی نزیکیان هەبووە. لە بەرامبەر کەسایەتیی دێموکراتیکدا، باس لە کەسایەتیی دەسەلاتخواز کراوە.

دەروونناسی کۆمەلایەتیی ئەم کەسایەتییە وەك زەمینەی سیستەمگەلی نادێموکراتیكو بەسڕاوە لێك داوەتەوە. ئەم چەمکە باس لە کۆمەلێك تایبەتمەندیی کەسایەتیی وەك خۆ بەدەستەوە دەر لە بەرامبەر دەسەلاتی سەرتر، زوڵمو زۆری لە ژێردەستانو ئەو هەستەی کە لەگەڵ ئەوانی تردا بەرامبەر نییە: دەکا. بەپێی لێکۆلینەوەی "ئادرنۆ" لە کتێبی کەسایەتیی دەوروبەریان. لە بنەڕەت دا کەسایەتیی دێموکراتیك توانای وەرگرتنی هەموو دەنگێکی جیاوازو رەخنەو پێشنیارێکی هەیە، بەلام کەسایەتیی دەسەلاتخواز هەر دەنگو بیرو رایەکی جیاواز بە دوژمنی خۆی دەزانێو بەشێوەیەکی توندو تیژانە مامەڵەی لەگەڵ دەکا.)

دوای ئەم شیکرنەوەیە ئێستا دەتوانین بلێین کە حیزبەکان لە باری کەسایەتیی دێموکراتیکەوە هەژاران. وەکوو فاکتی هەرە زیندووش دەتوانین ئاماژە بە هەلسووکەوتو مامەلەو پێوەندی لایەنە ناکۆکەکانی ناو حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لەم دوایانە دا



جۆری بنەڕەتی دەسەلاتی سیاسی دەورێکی بەرچاوی هەیە لە سەر تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی دێموکراتیك. یەکەم کەس کە باسی کەسایەتیی دێموکراتیکی لە سیاسەت دا کرد "هارولد لاسول" بووە "لاسول" پێی وابوو کەسایەتیی دێموکراتیك خاوەنی چوار تایبەتمەندییە.

١ـ کراوە بوونو کۆمەلایەتی بوونو لە ئاکامدا پەیوەندیی بەربلاو لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

٢ـ پێش خستنی ئەو بایەخو ویستانەی کە جێی پەسەندو سەرنجی کەسانی دیکەن.

٣ـ بڕوا بە سروشتی باشی بنەڕەتی مرۆڤەکان لەگەڵ بڕوا بەخۆ بووندا.

٤ـ رۆچوونی ئەم سێ تایبەتمەندییە بۆ ناخوداگای تاك.

لە نێوان تایبەتمەندیی کەسایەتیو بەشداری لە ژیانی سیاسیدا پێوەندیی نزیك هەیە. تایبەتمەندیی کۆمەلایەتی بوون، گەش بینی، دەرەوە خوازی (برون گرایی) باوەڕ بەخۆ بوون، هەستی سەربەخۆییو تەمای کەم بۆ دەسەلات خوازیو پاوانخوازی، دەسەلات خواز لە سالی (١٩٥٠)دا کەسایەتیی دەسەلاتخواز لە بنەڕەت دا کەسایەتییەکی لاوازو بەسراوەو نائەمنە کە بۆ گەیشتن بە هەستی ئەمنیەتو دەسەلات، دنیا بە خاوەن نەزمو رێكو پێکی دەزانێیان دەیەوێت ئەم نەزمو رێكو پێکییە دروست بکا. کەرەسەیەکی باو لە دەروونناسیی کۆمەلایەتی دا بۆ هەلسەنگاندنی دەسەلاتخوازی "پێوانەی فاشیزم"ە. کە لە سەر ئەساسی تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی دەسەلاتخواز دروست کراوە. بەپێی لێکۆلینەوەکان ئەو کەسانەی کە پلەی بەرزتر لە سەر ئەم پێوانەیە بەدەست بێنن. کەمتر دەتوانن بەشدارییی دێموکراتیکانە لە خۆیان نیشان بدەن. کەسایەتیی دەسەلاتخواز خوازیاری کۆمەلێکی پۆلێن کراوو رێكو پێکە کە لەگەڵ چەمکی کۆمەلگای کراوەو دێموکراتیکدا زۆر ناگونجێ. لە راستیدا جیاوازییەکی بنەڕەتی کەسایەتیی دێموکراتیكو کەسایەتی دەسەلاتخواز لە شێوەی روانینو بیرو بۆچوونی ئەوان دایە بە نیسبەت دیاردەکانی بکەین. لێرەوە پێویستە حیزبەکان ئەم قۆناغە پارادۆکسیکالە تێپەڕێنن کە لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی سیاسیی مۆدێرن بەناوی حزیب دا ئێستاش پارێزگاری لە سوونەتو نەریتەکان دەکەن. چونکە بەراستی کۆمەلگایەکی دێموکراتیكو حیزبێکی دێموکرات، پێویستیی بە کەسایەتیی دێموکراتیكو پەروەردە کردنی تاکی دێموکراتەو لە نێوان ئەمانە دا پێوەندی بەرامبەر هەیە. بەڕاستی کەسایەتیی دێموکراتیك بە بەشێك لە کولتووری سیاسی لە قەڵەم دەدرێ. کولتووری سیاسی، کۆمەلێك روانینو بایەخە کە پێوەندیی نێوان یان رەوەندی ژیانی سیاسی رێك دەخا. کەواتە جێگیر کردنی ئەقلییەتێکی رەخنە گرانەو خولقاندنی کەشو هەوایەکی دێموکراتیکانە بۆ بەرهەم هێنانی تاکێکی وشیار بەتایبەتمەندێکی کەسایەتییەکی دێموکراتیك، پێویستییەکی سەرەکیو هەنووکەیی حیزبەکانی ئێمەیە.

سەرچاوە: دێموکراسی بۆ هەموان

و:حوسێن محەممەد زادە

## پەڕیڤ

## "سوسیالیزم یا بەربەرییەت"

حسێن ئەحمەدپوور

ئەمە دروشمێك بوو کە خوێندکارانی ئازادیخوازو بەرابەریخوازی ناسراو بە باڵی چەپ لە خۆپێشاندانی رۆژی ١٣ی سەرماوەزدا لە تاران بەرزتر کرابۆوە.

خۆپێشاندانی خوێنداکارانی چەپی زانستگەکانی تاران لە رۆژی ١٣ی سەرماوەزو مازەندەران زۆر کەسی راچلەکاند. یەکەم بەهۆی رێژەی بەرچاوی بەشدار بووان، دووهەم بەهۆی ناوەرۆکی ئەو دروشمانەی کە بەرز کرانەوە.

زۆر دوور نەڕۆین کێ دوو سالْ بەر لە ئێستا بە بیری دا دەهات کە رۆژێكو بۆ جارێکی دیکە گەرایشی چەپی بەسەر بەشێکی گرنگ لە بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران دا زاڵ بێت؟ کێ رۆژێك لە رۆژان بیری لەوە دەکردەوە کە بەشێك لە بزووتنەوەی خوێندکاریی ئێران دروشمەکانی "سوسیالیسم یا بربریت" و" سوسیالیسم بدون پسوند و بدون پیشوند" (سوسیالیزمی بێ پێشگر یان پاشگر) بەرز دەکەنەوە.

رۆژێك پاش ئەم خۆپێشاندانە لەگەڵ هاوڕێیەکی بەرێزم باسمان لە سەرهەلْدانی ئەم باڵە نوێیە لە بزووتنەوەی خوێندکاری ئێران دا دەکرد. ئەو وەکوو منو کەسانێکیتر رانەچلەکابوو زۆریشی پێگەشبین بوو، بەلْکوو بەقەولی خۆی چاوەڕوانی ئەم بزووتنەوەیە بوو. ئەم هاوڕێیەم کە لە قسەکانیدا دەردەکەوت باوەڕێکی قوولی بە سوسیالیزم هەیە، دەیگوت ئەوە سەرەتایەکی زۆر بەهێزو باش بوو بۆ هاتنە ئارای بزووتنەوەیەکی رەسەن کە بتوانێ ئیرادەی شۆڕشگێڕی بۆ خوێندکارانو توێژەکانی دیکەی کۆمەلگا بگێڕێتەوە.

سەرەڕای ئەوەیکە هیچ گومانێکم لە شۆڕشگێڕ بوونی باڵی چەپ نیەو دەتوانێ کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەهێز بوونی ئیرادەی شۆڕشگێڕیی خوێندکارانو توێژەکانی دیکە هەبێ، بەلام بە پێچەوانەی ئەو هاوڕێیەم هێندێك نیگەرانیم لا دروست بووە بەتایبەت کاتێك کە سەیری دروشمەکانی ئەوان دەکەین:" سوسیالیسم یا بربریت" و " سوسیالیسم بدون پسوند و بدون پیشوند"....

### نوورەدین دەمیرتاش

### جنوونی سیاسی کاربەدەستانی تورك لە بەرامبەر کێشەی کورددا

٢٧ی سەرماوەز نورەدین دەمیرتاش هاوسەرۆکی پارتی کۆمەلگای دێموکراتیك (DTP) لە کاتی گەڕانەوە لە ئالْمان بەرەو تورکیا لە فرۆکەخانەی ئەستەنبوول دەستگیر کرا. دەمیرتاش لە دوو حەوتووی رابردوودا بۆ بەشداری کردن لە کۆنفرانسی پارلْمانی ئەورووپا سەبارەت بە کێشەی کورد لە تورکیەو چاوپێکەوتن لەگەڵ هێندێك کەسایەتیو کاربەدەستی سیاسی سەردانی ئورووپای کردبوو. ئەم سەفەرەی دەمیرتاش دەنگدانەوەی باشی هەبووو زۆر کەس بە سەفەرێکی سەرکەوتووی دەزانن. هەر ئەو رۆژەی کە ناوبراو لە کۆنفرانس دا بەشدار بوو، لە ناوخۆی تورکیە دادگاو پۆلیسی ئەو ولاتە هەڕەشەیان لێکرد کە هەر هاتەوە تورکیە بە تاوانی خۆدزینەوە لە خزمەتی سەربازی (لە تەمەنی ١٩ سالْی دا)و بەکارهێنانی بڕوانامەی ساختەی سەربازی دەسگیر دەکرێو ماوەی ٥ سالیشی زیندان بۆ دەبڕێتەوە. پاشان بە فیتی دەسەلاتداری پارتی دادو گەشە (AKP)لە رۆژنامەکانو میدیاکانی تورکیا دەنگۆی ئەوە بلاو بۆوە کە دەمیرتاش چونکە دەزانێ تاوانبارە ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ تورکیە.

کۆماری ئیسلامی کاتێك بیهەوێ کەسایەتییەکی سیاسی، چالاکێکی مافی مرۆڤ یا رۆژنامە نووسێكو...بە خەیالی خۆی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، بە جۆرێك لە جۆرەکانو بە کەلك وەرگرتن لە شێوازی جۆراوجۆرو ناراستەوخۆ زەمینەیەك دروست دەکا کە ئەو کەسە رێگای کۆچ بەرەو هەندەران بگرێتە بەر. چونکە پێی وایە بە چوونە دەرەوەی هەم ئەو کاریگەرییەی لە نێوخۆ هەیەتی، نایمێنێو هەمیش بەگرتنو زیندانی کرانو کوشتنو..... ئەوەندەی دیکە ئابڕووی خۆی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا نابا.

وادیارە دەسەلاتدارانی (AKP) پارتی؟ هەمان ئەو سیاسەتەی هاومەرامەکانی خۆی لە ئێرانی گرتۆتەبەر لە بەرامبەر چالاکانی سیاسی کورددا. ئەو هەڕەشانەو ئەو دەنگۆ بلاو کردنەوانە چ مانایەك دەگەیەنێ جگە لە وەیکە بە دەمیرتاش بلێ وەکوو زوبەیر ئایدارو... مەگەڕێوە، ئاخر دەمیرتاش بە ٣٦ سالْ تەمەنەوە سیاسییەکی سەرکەوتووو وریاو خۆشناوە، مانەوەی هەرچی زیاتری ئەو لە تورکیە کێشەی زیاتر بۆ دەسەلاتدارانی (AKP) دەنێتەوە، بەتایبەت کاتێك کە دەبینین هەموو بیرو زەینی (AKP) ئەوەیە لە هەلبژاردنەکانی شارەوانییەکان کە نزیك بە سالْو نیوێکی دیکە بەرێودەچێ ـ لە شارەکانی کوردستان پارتەکەی دەمیرتاش شکست بداو خۆی وەکوو نوێنەری راستەقینەی کورد بە دنیای دەرەوە بناسێنێ. بێگومان بوونی کەسێکی خۆشناوی وەکوو دەمیرتاش کۆسپە لە سەر رێگەی ئەم خەونەی (AKP) هەر بۆیە پەروەندەی ١٩ سالْی پێشتری (واتە تاوانی تەمەنی ١٩ سالْی) تازە لێهەلْدەداتەوە. تۆ بلێی پۆلیسو میتی تورکیا ئەوەندە گێژ بن، نوورەدین دەمیرتاشێك کە تا ئێستا چەندین جار بە هۆکاری سیاسی لەلایەن ئەوانەوە دەسگیر کرابێو لێکۆلینەوەی لێکرابێ، بەم مەسەلەیان نەزانیبێ؟

دەبێ هەمووتان ئەوەتان بیستبێ کە ماوەیەك لەمەوبەر عوسمان بایدەمیر سەرۆکی شارەوانیی دیاربەکر بە تاوانی ئەوەکە ناوبراو لە ئاهەنگی پیرۆزبایی نەورۆزی دیاربەکر، لە کاتی بەکار هێنانی وشەی "نەورۆز"دا بۆ جارێك پیتی (W)ی بەکار هێناوەو چونکە زمانی تورکی (W)ی نیە ـ دادگایی کرا.

لە دانیشتنی دادگادا بایدەمیر بە تەوسەوە لە جەنابی سەرۆکی دادگا دەپرسێ: بەڕێزم دەکرێ ئادرێسی سایتی ناوەندی دەزگای دادوەریی تورکیام پێ بلێی؟

جەنابی سەرۆك دەفەرمێ: بۆ ناکرێ، دیارە "www......com "

بایدەمیر دەلێ: جا کەواتە ئێستا دەبێ بەڕێزت ٣جار دادگایی بکرێی.

جەنابی سەرۆکیش دەفەرمێ: ئاخە ئەو w ی من کوتم تورکی نیەو ئینگلیزییە

بایدەمیریش دەلێ: ئاخر بەرێزگیان ئەو wیەی منیش تورکی نیەو کوردییە. ئیتر بۆ بەزۆری ناتەوێ تێبگەی پیاوی ئاقلْ؟!

ئەمەیە جنوونی کاربەدەستانی تورك لە بەرامبەر کێشەی کورددا.

# کچە فرۆشییەکانی دیمەشق

و. لە ئەڵمانییەوە: مونیرە کازمی
و. لە فارسییەوە: کوێستان فتووحی

رووسپی گەری (لەشفرۆشی) لە سووریە نایاسایی‌یە. بەڵام لە "یانە" شەوانەکان دا لە دەوروبەری پایتەختی ئەو وڵاتە، کچانی تازە پێگەیشتووی عێراقی بۆ مانەوەو یارمەتی دان بە بنەماڵەکانیان خۆیان بە پیاوان دەفرۆشن.

پیاوێکی قەڵەوی کورتە باڵا، پێپەتی‌و بەبێ ددان تەپڵی لێدەداو بەم کارەی بۆتە مایەی سەرقاڵی یانەی شەوانەی "غەزال". ئەو یانەیە لە دەوروبەری دیمەشق هەڵ کەوتوەو لە شەوی دووشەممەدا زۆر قەرەباڵغو پڕ دەنگو هەرایە. مێزەکان بەروو مێزییە چڵکنەکانەوەو لە پشت ئەو مێزانەوە پیاوە گەڕاوەکانی سەعوودی، باوکانی بنەماڵە خەریکی کێشانی قلیانو خواردنەوەی "چا" و"جانی واکێر"ن‌و هێندێك لە میوانە سەعوودی‌یەکان لە سەر مێزەکان خەریکی سەما کردنن. کڕیارەکان هەموو پیاوو زۆربەیان ژێلیان لە موی سەریان داوەو عەبای سپی‌یان لەبەر دایە. لەسەر مێزەکان قاپی (شووشە) ویسکیی جۆراوجۆری گران قیمەت دانراون. تیشکی پرۆژکتۆرەکان بە شێوەی بازنەیی لە سەر سەکۆی سەما کردن دەسووڕێن. لەوێدا لە ژێر تیشکە رەنگاو رەنگەکان دا کچانی تازە پێگەیشتوو خەریکی سەما کردنن. ئەوان بە شێوەیەکی کڕیارانە ئارایش کراون‌و هەموویان لە بنەماڵەی عێراقی‌یەکانن، هێندێك لەو کچانە تەنانەت تەمەنیان ناگاتە دوازدە ساڵیش.


پیاوان دەستە پارەی چڵکنی ساختە بەرەو شوێنی سەکۆی سەماکە فڕێ دەدن. یەکێك لە دەستە پارەکان کە لەلایەن پیاوێکی سەعوودی‌یەوە فڕێ درابوو وەسەری یەکێك لە کچەکان کەوتبوو، هاوڕێکانی پیرۆزباییان لێدەکرد بە بۆنەی ئەو نیشانگرتنە باشەی. یەکێکی دیکە لە پیاوەکان هاوکات لەگەڵ تەپڵ لێدانەکە لە سەر مێزە رەنگ رۆیشتووەکە خەریکی سووتاندنی چەند دۆلارێکە. بەوەندە دۆلارە دەکرێ یارمەتیی تێپەڕ کردنی رۆژێکی بە پەنابەرێکی عێراقی بکرێ. بۆ کچێکی تازە پێگەیشتووی عێراقی کە تەنیا نان هێنەری بنەماڵەکەیەتی یەك دۆلار بەمانای کیلوو نیوێك نان‌و ٥ لیتر ئاوی خواردنەوەیە.

رەشیدە تەمەنی ١٤ ساڵە لە پەنا ئەودا خوشکێکی بچووکتر لە خۆی بەناوی نادیا کە دکولتەیەکی لەبەر دایە راوەستاوە. رەشیدەو نادیا لە بەغداوە هاتوون، تا ماوەیەك لە مەوبەر ئەوان قوتابی‌یەك بوون کە پلەی باشیان هەبووە. بەڵام ئێستا لەبەر ئاوێنەیەکی رەش هەڵگەراوی ئاودەستێکی ژنانە کە زۆر پیسە خەریکی خۆ ئامادە کردنن بۆ سەما کردن.

لە شوێنی سەماکە دەنگی موسیقایەك دێ کە گوێچکە کەڕ دەکا. لە وڵاتانی عەرەبی بە ژنی جوان دەڵێن "غەزال" غەزال پووزێکی درێژی هەیە. هەر بۆیە رەشیدە دەیەوێ بە کەوشە پاژنە بەرزەکانی بە یەکەم دیداری کاریگەری لە سەر کڕیار دابنێ. چونکە میوانانی سەعوودی بە بەستە پوولەکانیانەوە تەنیا لە هاوین دا دەچنە ئەوێ. بۆیە لە وەرزەکانی دیکە دا ئەو کچانە داهاتێکی ئەوتۆیان دەست ناکەوێ.

ئاوارە عێراقی‌یەکان لە سووریە مۆڵەتی کار کردنیان پێنادرێ لەبەر ئەوەی کە ژمارەیان زۆرە (هەر ئێستا یەك میلیۆن‌و چوارسەد هەزار پەنابەری عێراقی لە دیمەشق دەژین) تەنانەت بازاڕی رەشیش پڕبووە. قابشۆرێك سەعاتی ٥٠ سێنت وەردەگرێ، دیارە ئەگەر حەق دەستیان پێبدرێ. زۆر لە خاوەن چێشتخانەکان وا بیر دەکەنەوە ئەگەر بۆ ماوەی چەند حەوتوو حەقدەست بە کرێکارانی چێشتخانە نەدەن. سەرەنجام پۆلیس ئەوان دەخاتە ژێر چاوەدێری‌و پاشان دەستبەسەریان دەکا. عێراقی‌یەکان لە سووریە هیچ مافێکیان نیە. ئەوان لەلایەن دەوڵەتی سووریەوە هیچ پشتیوانی‌یەکیان لێناکرێ. بێجگەلە مۆڵەتی مانەوەیەك بۆ ئەوەی زیندوو بمێننەوە. زۆربەی ئەو بنەماڵانە سەرپەرستی بنەماڵەیان لە دەست داوە. هەر بەو هۆیەوە زۆربەی بنەماڵەکان کچەکانیان دەنێرنە یانەکانی وەك "غەزال"و لەوێ دایان دەمەزرێنن. رەشیدە دەبێ وەك "غەزال" ئەوەندە لە بەرامبەر کڕیاردا سەما بکا تا یەکێك لەوان هەڵی‌دەبژێرێ بۆ خۆی. هەر ئێستا نرخی یەك شەو رابواردن لەگەڵ کچێکی شەڕ لێدراو کە تەمەی نەگەیشتبێتە تەمەنی یاسایی، پێنج سەد پوندی سووری بە ( حەوت یۆرۆو بیست سێنت).

دایکە رەشیدە بە جلوبەرگێکی رەش‌و بە لەچکێك کە تا سەر برۆ خاڵکوت کراوە سەرو پۆتەراکی داپۆشیوە، لە نزیك ئاودەستەکە دانیشتوەو چاو لە کچەکانی دەکاو ئاگای لە قوتووی کەلوپەلی جوانکارییە. ئەو بە گەرموگوڕی باسی کچەکانی دەکاو دەڵێ: ئەوان لە بەغدا مرۆڤ گەلێکی لەخۆ رازی بوون دیارە بەر لەوەی شەڕ دەست پێبکاو ئەوان ناچار بن رابکەن‌و پاشانیش هەر دوو کچەکانی ناچار بکا لەشفرۆشی بکەن. ئەو گوتی: "ئێمە شیعەین". " منداڵەکان باوکیان نەماوە"،"لە دووهەمین ساڵی شەڕدا مێردەکەم رۆژێکیان لە ماڵ چووە دەرەوەو ئیدی نەگەڕایەوە". لە سەرەتاوە هەرچی پاشەکەوتمان هەبوو خەرجمان کردو پاشانیش هەرچی بوومان فرۆشتمان". "کرێی خانوو (ئاپارتمان) لە دیمەشق نزیکەی چوارسەدو چل یۆرۆیەو بۆ ئەمەش رەشیدە دەبێ شەست شەو کار بکا بەڵام بەخۆشییەوە خوشکە چووکەکەشی نادیا، ئێستا لە "غەزال" کار دەکا. ئەگەر ئەو دوو تازە پێگەیشتووە هەر شەوە پیاوێك بدۆزنەوە، جەستەی ئەوان لانیکەم بەشی دابین کردنی کرێ خانووی بنەماڵەیەکی حەوت کەسی دەکا. بەڵام بە بوونی سەدان یانەو هەر کامەیان بە سی تا پەنجا کچی



تازە پێگەیشتوو رێگە لەوە دەگرێ کە هەمووی ئەوان هەموو شەوێ کڕیاریان هەبێ.

یاڵڵا یاڵڵا، دەنگی پیاوانەیە بەتوڕەییەوە هەڵ دەستێ دەنگی لێدانی دارێك لە دەرگای ئاودەستەکە دەنگی دایەوە. رەشیدەو خوشکەکەی دەزانن کە دەبێ دیسان بۆ سەما کردن بچنەوە سەر سەکۆکە. دەستی یەکتر دەگرن‌و دەچنەوە تێکەڵ بەو کچانە دەبن کە لە نێو تیشکە رەنگاو رەنگەکان دا دەخولێنەوە. ئەم شێوە خولانەوەیە لە نێو تیشکەکان دا سیرك ئاسا بە درێژایی شەو بەردەوام دەبێ. لەو نێوەدا ئەگەر کچێك لەم کارە خۆ ببوێرێ وەك بازاڕی ئاژەڵان بە زەبری دار دوبارە بۆ سەر سێنەکە دەگەڕێندرێتەوە. کچەکان دووبە دوو یا سێ کەسی یان لەگەڵ خوشکەکانیان، پەنجەکانیان لێك گرێ دەدەن‌و بەرەو رووی کڕیارەکان دەڕۆن. هەر بە فەرمانی بەڕێوەبەرەکە ئەوان لە یەکتر جیا دەبنەوەو کڕیارەکان هەڵیان دەسەنگێنن.

سەر دەستو باسکیان زۆر جێگای سووتان بە سیگار، شین هەڵ گەڕاوی، بڕاوی‌و برینداری‌یان پێوە دیارە. لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە ئەم برینانە چیە پێیانەوەیە دەڵێن کە یان بە ئەنقەست وایان لە خۆیان کردوە یان کڕیارەکانیان وایان بەسەر هێناون.

هیچکام لەو کچانە نایانەوێ بلێن کە ئەوان بەهۆی قاچاغچییە عێراقی‌یەکان رفێندراون‌و فرۆشراون، هیچیان ناڵێن کە ئەوان بە هۆی بنەماڵەکانیانەوە فرۆشراون بە دەڵاڵانی لەشفرۆشی، هێچکامیان نایانهەوێ بڵێن کە بەهۆی باوك‌و دایکیانەوە ناچار کراون خۆیان بفرۆشن تا بتوانن بژێوی بنەماڵەکانیان دابین بکەن.

رێکخراوی ژنانی "الزهرا" کە بە باشی لە هۆکاری لەشفرۆشیی منداڵان‌و هەروەها قەوارەی مافیایی رێکخەرانی ئەو لە ناوچەدا ئاگادارە، لە راپۆرتێك دا دەڵێ: هێندێك لە بنەماڵە عێراقی‌یەکان کچەکانیان دەفرۆشن بە بازرگانان لە وڵاتانی خەلیج بۆ ئەوەی خەرجی کۆچ کردنیان بۆ سووریە دەربێنن. "یحیا النوس" دامەزرێنەری ئەو رێکخراوەیە دەڵێ ئەو کچانە کوێلەیەکن بەکرێ دەدرێن. کچێك بۆلای سەکۆی سەما دەڕوا، چواردە ساڵەیە. بە ئارایشێکی خەست روخساری داپۆشیوە، بەڵام هێشتاش کەوشی کەتانی (کاڵە)ی لەپێ‌و شەڵوارێکی "جین"ی لەبەردایە. یەکەم جارە هاتۆتە ئەو یانەیە. باوکی خەریکی قسە کردنە لەگەڵ خاوەن یانەکە. ئەو کچۆڵەیە تازە پێگەیشتوە چەند جار بە مەبەستی راکردن لە سەر سەکۆکە هاتۆتە خوارەوە، بەڵام باوکی کچەکە هەموو جارێ ئەوی ناچار کردۆتەوە بگەڕێتەوە سەر شوێنەکەی. دەنگی موسیقا توندەکە تەواو دەبێ‌و موسیقایەکی ئارام‌و رۆمانتیکی بڵاو دەبێتەوە. ئێستا کچەکان بە چاو لێکردن لەو مێز بۆ ئەو مێز دەبێ کڕیارەکان هەڵسەنگێنن هێندێکیان کە خۆیان لە بەر چاوان دا دەبینن، چاو لە زەوی یا شوێنێك دەبڕن. هێندێکیان چاو بەگریان چاو دەبڕنە بەشی کۆتایی یانەکە، ئەو شوێنەی کە دایکیان لە چاوەڕوانییان دا دانیشتوون. دایکەکان هەموویان لە کاتێك دا سەرتاپا خۆیان داپۆشیوەو لەچك (رووسەری)یان بە سەرەوەیە وەکوو باوکەکان بەریز خەریکی جگەرە کێشانن. لە وڵاتانی عەرەبی ژنانی موسڵمان لە نێو خەڵك دا جگەرە ناکێشن، بەڵام وەك ئەوە وایە ئەو ژنانە بە چارەنووسیان، شانازی‌یەکانیان‌و لەگەڵ هەرچی‌یەك کە سەردەمانێك بە دەماری دەکردن ماڵاوایی‌یان کردوە. ئەوان بە روانینە وشکەکانیان فەرمان بە کچەکانیان دەدەن کە دەبێ هەمیشە لەژێر نووری پرۆژکتۆرەکان دابن‌و پێیان دەڵێن کە کام کڕیار دەسنیشان بکەن. بەڵام باوکەکان لە دەرەوەی یانەکەو لە شوێنی پارکینگ لە چاوەڕوانی دان. دەستەیەکی سێ کەسیی سەعوودی لە سەر رەشیدەو خوشکەکەی بڕیار دەدەن.

ئەو پیاوانە دوگمە سەردەستەکانیان زێڕو کاتژمێرە مەچەکییەکانیان ئەڵماسدارە.

هیچ یەك لەو سێکس توریستانە پرسیار لە خۆیان ناکەن کە بۆچی خوشکانی هاودین‌و هاوبڕوا بەڵام کەمتەمەنیان لەشی خۆیان دەفرۆشن؟ بەڵام لە بەرامبەردا ئەوان ئەو کچانە باش هەڵ دەسەنگێنن‌و بە دەست پێداهێنان بە لەشیانداو هەڵمژینی کوڵمیان چۆنیەتیی ئەو کاڵایە تاقی دەکەنەوە.

لەو کاتەوە کە لوبنان بە هۆی شەڕو کێشەی سیاسی‌یەوە ئارامیی جارانی نەماوەو ئیدی بە بەهەشتی سێکسی توریستەکان لە ناوچەدا نایەتە ئەژمار، رەوەی سامانداراکانی عەرەبستانی سەعوودی‌و وڵاتانی کەنداو بەرەو سووریە کە لە باری نرخیشەوە بۆ ئەوان گونجاوترە وەرێ کەوتوە.

ئێستا ژمارە تەلەفونەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن. کڕیار بۆ قوربانی‌یەکەی تەلەفون دەکا، کچ وەڵام ناداتەوە، بەڵام ژمارەکەی دەپارێزێ دوای چوونە دەر لە یانەکە، کچەکە تەلەفون بۆ کڕیارەکەی لێدەدا. باوك یان برا بە تاکسی کچەکە دەگەیەننە شوێنی دیاریکراو (هوتێل یا ئاپارتومان) زۆر جار دیدارەکە رۆژی دواتر رێك دەخرێ‌و کچەکان هیچ کات بە تەنیا سواری ماشێنی نەناسیاو نابن. ئەو کەسەی لەگەڵی دەچێ لە ساڵۆنی هوتێل یا لە نێو تاکسی‌یەکەدا چاوەڕوان دەبن. تا کچەکە دووبارە دەگەڕێتەوە لایان.

لە نێو ئەو یانە شەوانانەدا، کە زۆربەیان دوای شەڕی عێراق لە گەڕەکی "معربا" لە نزیك زیندانن (شوێنی راگرتنی زیندانیانی سیاسی سووریە) قوت بوونەتەوە هەموو شەوێ ئەو رێوڕەسمە تا دوای بانگی بەیانی بەردەوامە. لەو شارەی کە بە چەندین کاتژمێر لە بەر نەبوونی ئاوو کارەبا سەلە رەنج دایە، لەوە دەچێ لە "معربا" هیچ ئاسەوارێك لە کەمو کووڕی نیە. پارکینگی هەموو یانەکان کە نزیك سەد یانە دەبن، پڕن لە ماشێنی دوا مۆدێلی ئەمریکایی‌و ئەڵمانی بە ژمارەی عەرەبستانی سەعوودی‌و کوێتەوە لە دەورووبەری رێگای چوونە دەری ئەو یانانەش ماشێنی بچووك بە ژمارەی سووریایی‌و عێراقی پارك کراون‌و لە پەنایان دا باوکەکان خەریکی جگەرە کێشانن. برا چووکەکانیش لە نێو ماشێنەکان دا خەویان لێکەوتوەو خوشکە چووکەکانیش لەگەڵ دایکیان دا لە نێو یانەکە دان. زۆربەی پیاوانی سەعوودییە بەدەستە بۆ چەند حەوتوو یان مانگێك‌و تەنانەت تەواوی هاوینەکە دێن بۆ دیمەشق. تاکوو هەموو شەوێ بتوانن بخۆنەوە کە لە وڵاتی خۆیان قەدەغەیەو لەگەڵ کچانێك رابوێرن کە شەوێك حەوت یورۆو بیست سێنت خەرجیان هەیە.

پیاوێکی تەمەن بیستو یەك ساڵە، کارمەندی ئەرتەشی کوێتە کە لەگەڵ هەشت پیاوی دیکەی خزمی خۆی ویلایەکیان لە دیمەشق بە کرێ گرتوە، دەڵێ: "هەموو مانگی ئاگوست دەتوانم لێرە رابوێرم" بە پێکەنینەوەو بە لوتبەرزییەوە درێژەی بە قسەکانی داو گوتی: بە راستی هەموو شەوێ چونکە نرخەکە گونجاوە هەر شەوێکی بۆ هەرکاممان دوو یان سێ کچ هەیە". ئەو لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی دەیەوێ موسڵمانێکی باش بێ، ئەوانەی لەگەڵ ئەون ئەلکول بە کار دێنن‌و بۆ خۆشی عاشقی کچێکە لە کوێت، بەڵام بۆ زەماوەند کردن بەرادەی پێویست پارەی نیە. هەروەها گوتی:" لە کوێت هەموو شتێك قەدەغەیەو کچەکانی ئێمەش هەموویان خاوەن کەسایەتین. بەڵام ئێمە لێرە ویلامان هەیە بۆ میوانداری."

لە پەنای ئەو سەنعەتەدا خاوەن کارەکانی دیکەش لەوە قازانج دەکەن. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە هوتێل داری، ئاپارتمان‌و تاکسی، فرۆشیارانی خواردەمەنی، خواردنەوەو شیرین مەنی بکەین. لێرە هیچ هەواڵێك لە پیاوانی پۆلیس نیەو ئەوانیش بە جلوبەرگی مەدەنی‌یەوە بۆ رابواردن بۆ ئەم شوێنە دێن.

ئایا دەتوانن بیهێننە بەرچاوتان لە کولتوورێك دا کە تەنانەت بوونی گومانێك بەرامبەر بە کچان‌و ژنان وەك تاوان‌و کردەوەیەك لە دژی شەرەف‌و ناموس لە قەڵەم دەدرێ‌و لە سەری دەکوژرێن چ فشارێکی رۆحی لە سەر ئەو کچانەیە؟

"یحیا النوس" گوتی: "ئەو کچانە هیچ مافێکیان نیەو هیچ کەسیشیان نیە کە داوای یارمەتییان لێبکەن. ئەوانە نە حکوومەت یارمەتیان دەداو نە هیوایەکیشیان هەیە کە بتوانن کارێك فێر بن‌و یان تەنانەت ژیانێکی هاوبەش کە ئەوان دابین بکا".

رێکخراوی "الزهرا"ش هیچ یارمەتی‌یەکی لە دەست نایە تاکوو بتوانێ شوێنی پارێزراو بۆ ئەو ژنانە دابین بکا یا لانی‌کەم پەناگەی شاراوە بۆ ئەو کچانە دروست بکا. دەوڵەتی سووریە تەنانەت بەردەوام ویب سایتی ئەو رێکخراوەش فیلتێر دەکا. ئەم رێکخراوانە کە کار کردن لەودا خۆبەخشانەیە تەنانەت پارەی بەکرێ گرتنی شوێنێك لە سەر سێروێرێکی ئینتێرنێتیی نیە.

سەرچاوە:

بەشێك لە راپۆرتێك کە لە فرانکفۆرتێری ئەڵگمانیەدا لە رێکەوتی ٢٠٠٠/٩/١٥ بڵاو بۆتەوە.

**لە دەوری ئاڵای حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆببنەوە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 476 21 Des 2007

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ـ ئێران، ڕۆژنامەی "کوردستان"و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical - S R: 27500 - FEC: ¾

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# لە شاری کۆیە فستیڤاڵی ئەختەری شاعیرو مەقام ناس بەڕێوە چوو



بە دروشمی "ئایندەیەك لە هەڵدانەوەی لاپەڕە گەشەکانی مێژوو، هەوڵێك بۆ رەسەنایەتی‌و داهێنان"، لە رۆژانی ١٥و ١٦ی دیسامبری ٢٠٠٧ (٢٤و ٢٥ی سەرماوەزی ١٣٨٦ی هەتاوی)دا، فستیڤاڵێکی ئەدەبی‌و هونەری، لە شاری کۆیە بۆ رێزگرتن لە شاعیرو ئاوازدانەری کورد، ئەمین ئاغای حەوێزی (ئەختەر) بەڕێوەچوو.

فستیڤاڵی ئەختەر کە لە لایەن لقی کۆیەی بنکەی ئەدەبی‌و رووناکبیریی گەلاوێژ پێك هاتبوو، کاتژمێر ١٠ی رۆژی ١٥ی دیسامبر لە هۆڵی سەنتەری گەنجانی شاری کۆیە، لە رێورەسمێکی تایبەتی‌دا دەستی پێ‌کرد. لە رێورەسمی کرانەوەی فستیڤاڵدا، چەندین کەسایەتیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و هونەری‌و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی هونەردۆستی شاری کۆیە بەشدار بوون. لە رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە، هەیئەتێك لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو ئەندامەتیی جەلیل گادانی، فەتاح کاویان، قادر وریاو کوێستان فتوحی بۆ ئەم فستیڤاڵە بانگهێشت کرابوون.

فستیڤاڵ بە پارچە موسیقای مارشی "ئەی رەقیب" لە لایەن تیپی باواجیی کۆیە دەستی پێ‌کرد.

بە دوای ئەودا سوهەیلا قادری، پێشکەشکاری فستیڤاڵ، کورتەیەکی لە بارەی ژیانی ئەمین ئاغای ئەختەر خوێندەوە. پاشان مدریك ژاڵی وتاری لقی کۆیەی بنکەی ئەدەبی‌و رووناکبیریی گەلاوێژی پێشکێش کرد. دواتر خاتوو کوردۆ عومەر قائیمقامی کۆیە لە بارەی پێکهاتنی ئەم فستیڤاڵەوە بۆ بەشداران دوا. لە لایەن لقی سلێمانیی بنکەی ئەدەبی‌و رووناکبیریی گەلاوێژییش، کاوە حاجی عەزیز وتارێکی خوێندەوە.

لە بەشی دووهەمی رێورەسمی دەسپێکی فستیڤاڵدا کە تەرخان کرابوو بۆ بەرنامەی هونەری، کۆمەڵێك گۆرانی کە شێعری زۆربەیان هی ئەختەری شاعیر بوون، بە هاوبەشیی کۆرس‌و هونەرمەندانی تیپی باواجی‌و گۆرانیبێژان‌و دەنگخۆشانی شاری کۆیە، پێشکەش کران. ئەو هونەرمەندە دەنگخۆشانە بریتی بوون لە: پشتیوان کاکڵ، عەدنان جەماڵ، سەلاح محەممەد، هوشمەند زاهیرو ئیبراهیم سابیر.

دوابڕگەی رێورەسمی دەسپێکی فستیڤاڵ، سەردانی بەشداران لە چەند پێشانگەی هونەری بوو کە بەم بۆنەیەوە لە شاری کۆیەو لە هۆڵەکانی سەنتەری گەنجان‌و نەجیبەخانی جەلیزادە کرابوونەوە.

لە ماوەی دوو رۆژ کاری فستیڤاڵدا کۆمەڵێك باس‌و لێکۆڵینەوە پێشکەش کران کە بریتی بوون لە:

١ـ لێکۆڵینەوەی سەلاح شێخ شەرەف لە ژێر ناوی "ئەمین ئاغای حەوێزی، ئەختەری شاعیرو مامۆستای مەقام‌و خاوەنی دیوەخانی هونەر".

٢ـ لێکۆڵینەوەی کەریم شارەزا لە ژێر ناوی ئەمیناغای ئەختەری شاعیرو مەقام شوناس.

٣ـ لایەنی ئاوازو مەقام شوناسیی ئەختەری شاعیر لە لایەن وریا ئەحمەدەوە.

٤ـ ساغ کردنەوەی چەند قەسیدەیەکی ئەختەری شاعیر لە لایەن د. کەماڵ مستەفا مەعرووفەوە.

٥ـ ئەختەر ئەو شاعیرەی سنووری لاهۆتیی بەزاند لە لایەن کەماڵ غەمبارەوە.

٦ـ حەزی ئەڤین‌و رووتەمەنی لە شێعرەکانی ئەختەردا لەلایەن پێشڕەوی سەیدبرایم.

٧ـ ئەختەر لە دیوەخانی شێعرو گۆرانی‌دا لە لایەن جەوادی حەمەبەگەوە.

# هەنگاوێکی پڕبایەخ

بەر لەماڵاوایی

## لە پێوەندی لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا

قادر وریا

رۆژی ٨ی سەرماوەزی ئەم ساڵ، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان شایەدی لەدایکبوونی دامەزراوەیەکی تایبەت بە بەندییە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

لەم رۆژەدا "ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان" لە کۆنفرانسێك دا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، دامەزرانی خۆی راگەیاندو هەر ئەم رۆژەش لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ئەنجومەن دا، پێڕەوی نێوخۆی ئەم ئەنجومەنەی پەسند کرد.

لە پێشەکیی پێڕەوی نێوخۆی ئەنجومەنی ناوبراودا، بەم جۆرە ئاماژە بە پێویستیی پێکهاتنی ئەم دامەزراوە نوێیە کراوە:

"بەراشکاوی دەبێ بڵێین بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان بە زۆر هۆ کە بەشێکیان بەدەر لە ئیرادەی رێبەرایەتیی بزووتنەوەن، نەیتوانیوە بەم جۆرەی پێویستە بە زیندانییە سیاسی‌یەکان‌و بنەماڵە بەرێزەکانیان رابگاو پاداشتێکی هەرچەند نیوەچڵ بە فیداکارییەکانیان بداتەوە. بۆیە وەك هەوڵدانێك بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەوەی لە دەست چووەو بۆ پڕکردنەوەی کەلێنێکی وا بەرچاو لە بە جێگەیاندنی ئەرکی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەدا، لە سەر داواو دەستپێشخەریی هێندێك لە زیندانییە سیاسییە ئازاد بووەکان "ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان" پێك هات.

ئەم ئەنجوومەنە" هەموو زیندانی‌یەکی سیاسیی ئازاد بوو لە زیندانی زۆرداری‌و هەموو دڵسۆزێکی بزووتنەوەی کوردو ئۆگری پشتیوانی لە زیندانییە سیاسییەکان دەتوانێ ببێتە ئەندامی "بە مەرجێك "کوردی رۆژهەڵات یان دانیشتووی رۆژهەڵاتی کوردستان بێ، باوەڕی بە ئامانجەکانی ئەنجومەن هەبێ‌و، بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ئەنجومەن تێبکۆشێ‌و...".

ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامانجەکانی خۆی بەم جۆرە دەست نیشان کردوون:

"أـ ناساندنی ئامانجی ئینسانیی زیندانییە سیاسییەکان بە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤو کۆمەڵەکانی دیفاع لە زیندانییە سیاسییەکان‌و بەچەشنێکی گشتی بیرو رای گشتی لە جیهان دا.

ب: کۆمەك بە ئازاد بوونی زیندانییە سیاسییەکان‌و هەر نەبێ کەم کردنەوەی حوکمەکانیان بە پشتیوانیی بیرو رای گشتی ئێران‌و دەرەوەو کۆڕوکۆمەڵەکانی دیفاع لە زیندانیانی سیاسی.

ج: هەوڵی بنەبڕ کردنی ئەشکەنجەی لەشی‌و روحی لە زیندانەکانی ئێران دا.

د: کۆمەکی ماددی‌و مەعنەوی بە زیندانییە سیاسییەکان‌و بنەماڵە بەڕێزەکانیان بەپێی توانا.

ه: هەر هەوڵێکی دیکە کە خزمەت بە قازانجی زیندانییە سیاسییەکان یان بنەماڵەنیان بکا."

ئەنجومەن، کۆمەڵێك ئەرکی بنەڕەتیشی بۆخۆی دیاری کردوون کە لە رێگای ئەندامەکانیەوە جێبەجێ دەکرێن. ئەو ئەرکانە بریتین لە:

أ: کۆکردنەوەی ناوی زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان‌و ئەو تۆمەتانەی لێیان دراوە، ماوەی زیندانییەکەیان، شوێن‌و رۆژی گیرانیان، ئەو زیندانە کە تێی‌دا گیراون‌و هەر زانیارییەکی بە سوود لە بارەی ئەوانەوە.

ب ـ ئاگاداری لە وەزعی لەشساغیی زیندانییەکان‌و چونیەتیی پێڕاگەیشتنیان لە باری دەرمانی‌و خۆراکی‌و بەگشتی پێداویستی‌یەکانیان لەلایەن زیندانەوانەکانەوە.

ج: روونکردنەوەی وەزعییەتی بنەماڵەیی: سەڵتی‌و خێزانداری، ژمارەو تەمەنی منداڵان، وەزعی گوزەران‌و رادەی داهاتی بنەماڵەکان‌و ناسینی خزمانی نزیکیان‌و هەر زانیارییەکی بەسوودی دیکە.

د: کۆکردنەوەی یارمەتیی دڵسۆزانی بزووتنەوەی کوردو رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان بە مەبەستی کۆمەك بە ژیانی زیندانییەکان، گرتنی وەکیل لەو جێگایانەی ئیمکانی وەکیل گرتن هەیەو لە هەمووی گرنگتر کۆمەك بە ژیانی بنەماڵەی ئەو زیندانییانە کە سەرچاوەیەکی داهاتیان نیە، بۆ ئەوەی ژیان‌و بەڕێوەچوونی خێزانەکانیان لێ دابین بکرێ.

ه : بەسەر کردنەوەو پەیام ناردن بۆ زیندانییە سیاسییەکان‌و بنەماڵەکانیان لە بۆنە نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌یەکان دا.

و: پێکهێنانی کۆبوونەوەو سیمینار بە مەبەستی زیاتر ناساندنی زیندانیانی سیاسی‌و ئامانجە پیرۆزەکانیان بە بیرو رای گشتی‌و راکێشانی سەرنج‌و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای چارەنووسی ئەو تێکۆشەرانە."

دیارە ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، دامەزراوەیەکی نوێیەو، پێڕەوی نێوخۆو ئامانج‌و ئەرکەکان‌و چونیەتیی ئەندام وەرگرتن‌و بەڕێوەچوونی، لە چوارچێوەیەکی سنووردار دا، گەڵاڵەو پەسەند کراون‌و کومیتەی بەڕێوەبەری‌و هەیئەتی ئیجرایی‌یەکەشی لە کۆڕێکی گشتی بە بەشداریی یەکەمین ئەندامانی ئەنجومەن دا، هەڵ بژێردراون. بێگومان ئەنجومەن بە تێپەڕاندنی ئەزموونی ساڵێك کارو کۆکردنەوەی ئەندامانی زیاترو خۆدەوڵەمەند کردن لە بواری جۆراوجۆردا، دەتوانێ لە هەموو بارێکەوە خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە گرنگ‌و پیرۆزانەی لە سەر شانیەتی زیاتر ئامادە بکا. ئێستا گرنگ ئەوەیە، هەم ئەو ئەنجومەنە لە کاری خۆی‌دا جیددی بێ‌و ئەو رۆڵە کاریگەرەی لە پێوەندی لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا لێی‌چاوەڕوان دەکرێ، بەجێ بگەیەنێ. هەم ئەو کەس‌و لایەنانەی پێویستیی ئاوڕدانەوە لە بەندییە سیاسییەکان‌و بنەماڵەکانیان دەرك دەکەن، پشتیوان‌و هاوکاری ئەم دامەزراوە نوێیە بن.

بەبۆنەی دامەزرانی ئەنجومەنی ناوبراو، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە دامەزرێنەران، بەڕێوەبەران‌و ئەندامانی دەکەم. بەم هۆیەوەش کە ئامانجەکانی بەشتێکی پیرۆزو گرنگ دەزانم هاوکاریی بێدرێغ لەگەڵی بە ئەرکێکی ئینسانی‌و نیشتمانی دادەنێم.
بە هیوای سەرکەوتنی ئەم دامەزراوە نوێیەو بە ئاواتی رزگاریی هەموو بەندییە سیاسییەکانی کوردستان‌و ئێران.

# مامۆستایەکی کورد لە کۆنفرانسی فێرکاریی فیزیکی ئێران مەدالیای زێڕینی بەدەستهێنا



PNA: بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵی پەیامنێر لە شاری سنە، لەم رۆژانە مامۆستایەکی قوتابخانەی دواناوەندی شارۆچکەی دێولانی سەر بە شاری سنە لە پارێزگاری کوردستان بە ناوی "فەرشید رەحیمی" لە یازدەیەمین خولی کۆنفرانسی فێرکاری فیزیکی وڵاتی ئێران کە لە شاری هەمەدان بەڕێوەچوو، بە پێشکەش کردنی وتارێکی زانستی پلەی باشترین‌و مەدالیای زێڕینی بەدەستهێنا.

فەرشید رەحیمی بڕوانامەی ماستەری لە بواری فێرکاری فیزیك هەیەو مامۆستایە لە قوتابخانەی دواناوەندی ناچەی دێولانی سەر بە شاری سنەو وتارەکەشی لە نێوان ٤٠ وتاری زانستیدا ب ۆخولی یازدەیەمی کۆنفرانسی فێرکاری فیزیکی وڵاتی ئێران هەڵبژێردرا، کە توانی باشترین پلەو مەدالیای زێڕینی ئەم کۆنفرانسە بەدست بێنێ.

# لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، پێش بە چاپ‌و بڵاو بوونەوەی دوو کتێبی کوردی گیرا

دژایەتیکردنی قەڵەم‌و کتێب‌و سانسۆڕ خستنە سەر تەواوی ئەو بوارانەی کە لەگەڵ جەوهەرەو ماهیەتی کۆماری ئیسلامی یەك ناگرێتەوە، لایەنێك لە ناسنامەو شوناسی ئەو رێژیمە ئیسلامییە پێك دێنن.

ئەمجاریش لە درێژەی ئەم سانسۆڕو قەڵەم شکێنی‌یەدا، رێژیمی ئیسلامیی ئێران پێشی بە بڵاو بوونەوەی دوو کتێبی دیکە گرت کە هەر دووکیان تایبەت بە منداڵان بوون. کتێبی "لەشکری مشکان" نووسینی سیابەخت‌و کتێبی "بەرگی کوردی" نوسینی سەلاح نیساری لەلایەن وەزارەتی ئیرشادی سنەوە پێش بە بڵاو بوونەوەیان گیرا.

بڵاو بوونەوەی کتێب



بەتایبەتی ئەو کتێب گەلەی کە لە دەرەوەی ئایدۆلۆژیاو فیکری ئایینی ـ سیاسیی کۆماری ئیسلامین، لە ئێراندا بڤەیەو بە توندی دژایەتیی دەکرێ بەتایبەت ئەگەر تایبەت بە منداڵان بێ، چونکی ئەوان بەپێی راسپاردەی خومەینی، دەیانەوێ لە مەلۆتکەوە منداڵەکان وا بار بێنن کە گەورە بوون نەتوانن‌و نەزانن لە دەرەوەی بازنەی دیاریکراوی ئایدۆلۆژیکیی ئەوندا بیر بکەنەوەو بڕوانن.

## مرواریی دەریای وشە

عەقڵ لە وجوودی ئێمەدا هێزێکی سەرسوڕهێنەری هەیە، کەوایە چ باشتر بەردەوام عەقڵ بکەینە فەرمانڕەوای وجوودی خۆمان.
(ئورایزن ئەسورت)

هیچ کەس بێجگە لە خۆتان، ناتوانێ ببێتە کۆسپی پێشکەوتنتان. (کوپ ماین)

ئەوەی لە ئێستادا دەژی، نەمرە.
(لودویك ویتگن شتاین)

بە رێزلێنانێکی بچووك، دڵی کەسانی دەوروبەرت شاد کە. (دیل کارنگی)

## لیژنەی پاراستنی مافی مرۆڤی رۆژنامەنووسان:

# عێراق خوێناویترین وڵاتە بۆ رۆژنامەنووسان

Puk media: بەگوێرەی راپۆرتی ساڵانەی لیژنەی پاراستنی مافی مرۆڤی رۆژنامەنووسان لە ماوەی ساڵی ٢٠٠٧دا ٣١ رۆژنامەنووس لە عێراق کوژراون، بەمەش عێراق پێنج ساڵە بە مەترسیدارترین وڵات دەژمێردرێت بۆ رۆژنامەنووسان.



راپۆرتەکە ئەوەشی ئاشکرا کردوە کە زۆرینەی ئەو رۆژنامەنووسانەی لە عێراق کوژراون پێشتر کراونەتە ئامانج‌و بەشێوەیەك لە کۆی ئەو ٣١ رۆژنامەنووسە ٢٤ رۆژنامەنووسیان کراونەتە ئامانج‌و حەوتی دیکەشیان لە شەڕدا کوژراون.

لیژنەی پاراستنی مافی مرۆڤی رۆژنامەنووسان، کە رێکخراوێکی سەربەخۆیەو بارەگاکەی لە نیویۆرکە، لە راپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە تا ئێستا ١٢٤ رۆژنامەنووس لە عێراق کوژراون، بەمەش عێراقی بەخوێناویترین وڵات بۆ رۆژنامەنووسان وەسف کردوە.